دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

# دواڕۆژ

٢٠٢٦/٢/٢٣ـ ٤ی ڕەشەمەی١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤٤

dwaroj.net



**ڕەزا کەعبی:**

**بەرەی پەهلەوی نەک دۆست بەڵکوو دوژمنێکی مێژوویی گەلی کوردە و نابێ ڕێگە بە هیچ لایەنێک بدرێ کە بە ناوی کوردەوە نزیکایەتی لەگەڵ ئەو بەرەیە بکات....**

**(دەقی وتاری سکرتێری گشتیی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە)ـل٢**

ـل٢

# کوردستان بەرەو یەکگرتوویی

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێکهێندرا




خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان!
ئازادیخوازان و خەباتگێڕانی سەرانسەری وڵات!
بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە بە شێوەی ڕێکخراو و بەردەوام دژی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ناوەندگەرا لەپێناو مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیدا خەبات دەکات. کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییش هەر سەنگەر و ناوەندی سەرەکیی خەبات و خۆڕاگری دژی ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە بووە. کوردستان لەو ماوەیەدا تێچوویەکی زۆری بۆ خەبات و خۆڕاگریی خۆی داوە. شەڕی بەسەردا سەپاوە، دەیان ڕێبەریی سیاسیی ئێعدام و تێرۆر کراون، هەزاران ڕۆڵەی خەباتکار و چالاکیی سیاسیی شەهید بوون و لە زیندانەکاندا گیانیان لێ ئەستێندراوە، کوردستانیش وەک جوغرافیایەکی داگیرکراو میلیتاریزە کراوە و بە سیاسەتی سەرکوت و تالانوبڕۆ لەلایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە ئیدارە کراوە.
ئێمە ئەم حیزبە سیاسییانەی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران»مان واژۆ کردووە، بە پشتبەستن بە مێژووی خەبات و تێکۆشانمان و بە سەرنجدان بە پێویستییەکانی وەڵامدانەوە و خۆدیتنەوە لە دۆخی سیاسیی ئێستای ئێراندا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی سیاسیی بۆ نەماوەتەوە، بەڵام مخابن بەهۆی پەرتەوازەیی هێزە

...بۆ ل ٢

# زمانی دایک؛ پارێزەری مێژوو و ئەندازیاری ئازادی



**بێگەرد سووزەنی**



زمان وەکوو سیستەمێکی نیشانەیی، مانیفێستی بوونی نەتەوە و ژێرخانی سەرەکیی گوتاری ڕزگاریخوازییە. لەم یادداشتەدا، بە سەرنجدان لە ڕوانگەی فەلسەفەی هایدیگەر و زمانەوانیی ڕەخنەگرانەی چۆمسکییەوە، دەپەرژێینە سەر گرنگیی زمانی دایک لە بەستێنی پەروەردەدا و دەسەلمێندرێت کە بێبەشکردنی منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک، جۆرێکە لە «جینۆسایدی کولتووری» و هەوڵێکی سیستماتیکە بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی سیاسی و «نامۆبوونی مەعریفی»ی نەتەوەکەمان. پاراستنی زمانی کوردی، پاراستنی دوا سەنگەری ناسنامەیە لە بەرامبەر لافاوی سڕینەوەی مێژووییدا. مارتن هایدیگەر، فەیلەسووفی ناوداری ئەڵمانی دەڵێت: «زمان، ماڵی بوونە.» مرۆڤ لەناو زماندا نیشتەجێ دەبێت، تێیدا گەورە دەبێت و هەر لەوێشەوە جیهان دەبینێت. بۆ منداڵێکی کورد، زمانی کوردی جگە لە ئامرازێکی پەیوەندی ئەو «ماڵە» دەروونی و مێژووییەیە کە تێیدا هەست بە ئاسایش و ناسنامە دەکات. کاتێک منداڵ لە پەروەردەدا لەم زمانە بێبەش دەکرێت، لە ڕاستیدا لە «ماڵی بوونی» خۆی دەردەکرێت و ڕەوانەی غوربەتێکی مەعریفی دەکرێت. پاراستنی زمانی کوردی لە کایەی پەروەردەدا، پاراستنی قەڵایەکی مەعنەوییە کە ڕێگری دەکات لە توانەوەی نەتەوە لەناو لافاوی جیهانیبووندا. زمان ئەو پارێزەرەیە کە ڕێڕەوی مێژوو ڕادەگرێت و ڕێگە نادات نەتەوە لە ڕابردووی خۆی دابڕێت.
لەم سۆنگەیەوە، زانستی دەروونناسیی پەروەردەیی (Educational Psychology) جەخت لەوە دەکاتەوە کە قۆناغی نێوان ٧ بۆ ١٢ ساڵی، کاتی دروستبوونی «نەخشەی تێگەیشتنە». مێشک بەو زمانە باشتر دەجووڵێت و گەشە دەکات کە پێی خەون دەبینێت. کاتێک منداڵ بە زمانی دایکی دەخوێنێت، وزەی مێشکی لە جیاتی «وەرگێڕانی وشەکان» بۆ ....

...بۆ ل ٥

## هاوپەیمانیی کوردستانی؛ وەرچەرخانێکی ستراتیژی لە مێژووی خەباتی ڕۆژهەڵاتدا

**ڕامیار سەرحەدی**

لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان بەرداشی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان و تەقینەوەی ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکاندا دەچەقێت، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاوێکی مێژوویی و چارەنووسساز بەرەو یەکڕیزی هەڵدەگرێت. ڕاگەیاندنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» لە نێوان پێنج لایەنی سەرەکی (حدکا، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، پژاک، خەبات و پاک)، وەڵامدانەوەیەکی بڕیاردەرانەیە بۆ پێویستییەکانی قۆناغ و وەرچەرخانێکی ستراتیژییە بۆ ئامادەکردنی کوردستان بەرامبەر هەر ئەگەر و گۆڕانکارییەکی کتوپڕ کە لە تاران بێتە ئاراوە. ئەم هاوپەیمانییە کە لە دوای قۆناغێکی چڕ لە دیالۆگ و کاری مەیدانی لە «ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاری» گەیشتووەتە ئەنجام، ئامانجی سەرەکیی یەکخستنی وزە و ڕیزەکانی خەباتە بۆ پەرەپێدانی زیاتر بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ئێرانی داهاتوودا.
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە کلیلی سەرکەوتن دژی داگیرکەر و سیستەمە کۆنەپەرستەکان، لە یەکگرتوویی ئیرادەی سیاسی و ڕێکخستنی جەماوەریی نێو ماڵی کورددایە. ئەم هاوپەیمانییە لە کاتێکدا دێتە ئاراوە کە ڕژێم دەیەوێت بە زمانی دانوستانەکانی ژێنێڤ کات بۆ مانەوەی خۆی بکڕێت و لە ناوخۆشدا بە کێشانی دیواری سنووری و سەرکوتی خوێناوی، کوردستان لە گۆڕانکارییەکان داببڕێت. ڕێککەوتنی ئەم پێنج لایەنە پەیامێکی بێپەردەیە بۆ تاران و ناوەندە بڕیاردەرە جیهانییەکان؛ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن گوتارێکی سیاسیی یەکگرتووە و چیتر ڕێگە نادات ئیرادەی نەتەوەکەمان لە هیچ ساتوسەودایەکی سیاسیی ئایندەدا پەراوێز بخرێت. جەختکردنەوە لەسەر بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی نەتەوەی کورد، کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنەیە.
ئەم هاوپەیمانییە ئەرکی قورسی لەسەر شانە و پێویستە ئەم یەکێتییە شۆڕبێتەوە بۆ ناو ڕیزەکانی جەماوەر تا ببێتە قەڵایەکی قایم بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی». دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، مافی یەکسانی ژنان و پیاوان، پاراستنی ژینگە و دابینکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، بنەما هەرە جەوهەرییەکانی ئەم هاوپەیمانییەن. ئەم یەکێتییە دەبێ ببێتە بزوێنەری خەباتێکی چڕوپڕی وا کە هەموو زەحمەتکێشان و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان تێیدا هەست بە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی دێموکراتیک و سێکۆلار لە

...بۆ ل ٢

درێژەی سەروتار

ئێران بە ئەرکی لەپێشینەی خۆی دەزانێت.
لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە، ئەم هەنگاوە پێگەی کورد وەک ئەکتەرێکی کاریگەر لە هاوکێشەی «ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی» بەهێزتر دەکات. کاتێک جیهان دەبینێت کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لەسەر مێزێکی هاوبەش کۆدەبنەوە، متمانەی زیاتر بە پرۆژەی سیاسیی کورد دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە لە قۆناغی گواستنەوەدا. ئەمە وەڵامێکی توندە بۆ ئەو لایەنانەی کە هەوڵیان دەدا کورد وەک هێزێکی پەرتەوازە نیشان بدەن. هاوپەیمانییەکە بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە بنەمای هەر هاوکارییەک لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان، بەفەرمی ناسینی مافی نەتەوەیی نەتەوەکان و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکە.
پێویستە ئەم هاوپەیمانییە ببێتە چەترێک بۆ یەکخستنی خەباتی شار و شاخ و ڕێکخستنی بەرەیەکی نیشتمانیی وا کە ڕێگە لە هەر جۆرە پاشەکشەیەک بگرێت. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ناوەندێکی فەرماندەیی هاوبەشی هێزە چەکدارەکان و یەکخستنی گوتاری سیاسی، مەرجی سەرەکیی بەهێزکردنی پێگەی کوردە لەم دۆخە پڕ لە گۆڕانکارییەدا. کاتی ئەوە هاتووە کە بە هێزی یەکگرتوومان کۆتایی بە چوار دەیە لە ستەم و سێدارە بهێنین و بەرەو ئاسۆیەک هەنگاو بنێین کە تێیدا کوردستانی سەربەرز ببێتە مەکۆی عەدالەت و یەکسانی. ئەم هاوپەیمانییە سەنگەرێکی پۆڵایینە بۆ پاراستنی شوناس و کەرامەتی نەتەوەیی و چینایەتیی زەحمەتکێشانی کوردستان.
بژی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران
سەرکەوێت ئیرادەی یەکگرتووی زەحمەتکێشانی کوردستان

# هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی

درێژەی لاپەڕی ١

سیاسییە دژبەرەکانی ڕاوەستاو بووە؛ لە کوردستان وزە و ڕیزەکانی خەباتگێڕیی خۆمان یەک خستووە و هاوپەیمانییەکی سیاسیمان ڕاگەیاندووە. مەبەستی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانییە کە پاش قۆناغی گۆڕینەوەی بیروڕا و کاری مەیدانی لە «ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاری»دا پێکهاتووە، یەکڕیزی و هاوخەباتیی پتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران و پیدانی قورسایی و دەوری زیاتری کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و چۆنیەتیی دارشتنەوەی ئێرانی داهاتوویە.
ئامانجە سەرەکی و هاوبەشەکانمان لەو هاوپەیمانییەدا خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێمە بە پشتیوانی لە خەبات و ناڕەزایەتیی سەرانسەریی نەتەوەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەدا پێ لەسەر پێویستیی هەماهەنگی و هاوخەباتیی سیاسی و مەیدانیی نێوان حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دادەگرین.
ئێمە وێڕای داکۆکی لە شکڵگرتنی قۆناغێکی گواستنەوەی دێموکراتیک و گشتگیر، بنەمای هەر هاوکاری و هاوپەیمانییەکمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە ڕەسمییەت ناسینی مافی نەتەوەیی نەتەوەکان، قبووڵکردنی دێموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەک دەبێت.
ئێمە لەو هاوپەیمانییەدا باوەڕمان بە پاراستنی ژینگە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، مافی یەکسانی ژنان و پیاوان، چەسپاندنی هەڵبژاردنی ئازاد، دابینبوون و دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان و بە دامەزراوەکردنی سیستمی بەڕێوەبەری و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەوە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و سێکۆلار لە ئێران کە مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە دەستەبەر بکات؛ بە ئەرکی خۆمان دەزانین.
ئێمە باوەڕمان وایە لە ئێستادا پتر لە هەرکاتێک یەکیەتیی سیاسی و هاوگوتاری لایەنە سیاسییەکان و تێکۆشانی هاوبەشی مەیدانییان مەرجی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە هاوکێشە سیاسییە بەردەوام بگۆڕەکانی ئێرانە. بۆیە ئامادەی هاوکاری کردنین لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی هاوپەیمانییەکەمان و هەموو خەڵکی کوردستانیش بۆ خۆدیتنەوە لە هاوپەیمانییەدا بانگهێشت دەکەین.




هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران
١٤٠٤/١٢/٣ (٢٠٢٦/٢/٢٢)

***

ئەندامانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە:

- **پارتی ئازادیی کوردستان**
- **پارتی ژیانی ئازادی کوردستان**
- **حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
- **سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
- **کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

## (دەقی وتاری سکرتێری گشتیی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە)



کۆمەڵە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە وەک ڕەوتێکی پێشکەوتووی سۆسیالیستی و چەپی کوردستانیی هاتە مەیدانی خەباتی سیاسی و دەیان نۆرم و سوننەتی نوێی لە کۆمەڵگای کوردستان جێخست. ئەم حیزبە لە کاتێکدا دەرکەوتنی خۆی وەک حیزبێکی پێشەنگی کوردستانی نیشاندا، کە شەپۆلی دواکەوتووانەی ئیسلامی سیاسی لە ئێران جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. لە کاتێکدا کە لە تاران بە داخەوە کۆمەڵانێکی بەرین، خۆیان لەگەڵ ڕەوتی دواکەوتوویی ڕێک دەخست، کۆمەڵە لە حاڵی جێخستنی سێکۆلاریزم بوو، لە کاتێکدا کە لە تاران حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژناندا دەدرا، لە کوردستان کۆمەڵە پاڵپشت و ڕێکخەری ژنان بوو بۆ ئازادی و یەکسانیی و پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان، لە کاتێکدا کە خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد، کۆمەڵە ئەو شانازیە گەورەی بۆ ماوەتەوە کە بێ ڕاڕایی و دوودڵی لە نووسراوەی بەناوبانگی خۆی ( خلق کورد در بوته آزمایش) بڕیاری وەستانەوە و موقاوەمەتی گەلی کوردی دەرکرد و بەمشێوە کوردستان یەکپارچە و یەکدەنگ دژی ڕژیمی داگیرکەر چوونە سەنگەری بەرگریی.
هاوکات کۆمەڵە بە شێوەیەکی تەواو مانادار سیاسەت و بەشداریی جەماوەری لە چارەنووسی خۆیان کردە نۆرمێکی جێکەوتوو، واتە لەو سەردەمە نوێیەدا پێچەوانەی نۆرمەکانی پێشوو، خەڵک تەنیا کەرەسەیەک نەبوو کە لە دوورەوە چاوەڕێی بڕیار بێت، بەڵکوو کۆمەڵە سیاسەتی کردە پرسێکی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی، دیارە لە سیاسەتدا ئەساسەن خەڵک دەبێ بەشدار بێ ، بەڵام ئەوەی کۆمەڵە ڕچەی تێدا شکاند، بەشداریی جەماوەر بوو بە بیرو ئەندێشەی خۆیانەوە و کاریگەریان لەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکان، ڕێک وەک ئەو حەرەکەتی کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان بۆ دەرەوەی شار و بەشداری خودی خەڵک لە بڕیارەکان کە بە ئیبتکاری کۆمەڵە و کاک فۆئاد چووە پێشەوە.
هەندێجار باس لەوە دەکرێ کە بیرو ئەندێشەی کۆمەڵە، نابێ لە چوارچێوەی حیزبی قەتیس بکرێتەوە و من ئەمە بە بابەتێکی پۆزەتیڤ بۆ کۆمەڵە دەبینم، چونکە هەموو ئەو پرسە گرینگانەی کۆمەڵە لە سەردەمی خۆیدا ورووژاندی و خەباتی بۆ کرد لە بەراورد لەگەڵ گۆڕانەکانی ئەو سەردەم و بەدەسەڵات گەیشتنی یەکێک لە دواکەوتووترین ڕژیمەکانی سەردەم واتە کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکە، زۆر پێشکەوتووانە، ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە بوون کە زۆرێک لەو پرسانە لە ڕاستیدا بایەخگەلی جیهانین و کۆمەڵگای پێشکەوتووی مۆدێرن لەسەر ئەوانە بونیات نراوە. لە مافی کرێکاران، پرسی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، بابەتی سێکۆلاریزم و دێمۆکراسی و ئازادیی تاک، ئەو فاکتۆرانە بوون کە کۆمەڵە لەسەر بێچمی گرت و گەشەی کرد، ئەگەر بۆ هەندێک لەو بابەتانە لەو سەردەمەدا، کۆمەڵە بەرەورووی جۆرێک ڕەخنە کرابێتەوە، بەڵام گەشەی ڕووناکبیریی لە کوردستانی ئەم سەردەمە، کە بە تایبەتی لە شۆڕشی ژینا گەیشتە لووتکەی خۆی، زۆرینەی ڕاستیی ڕێباز و ئەجێندای ڕێبازی کۆمەڵەی دەرخست وە بۆ ئەم بابەتە دەبێ هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا چالاکیان کردووە، شانازیی بە خۆیان و خەباتەکەیانەوە بکەن، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ و ئەو پێگەیشتووییەی لە کوردستان دەبینرێ، ڕۆڵ و دەست و پەنجەی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەی پێوە دیارە.
کەواتە لەم سۆنگەیەوەو بە پشت بەستن بەم مێژووە پرشنگدارە، ئێمە وەک کۆمەڵە پێداگرتر لە جاران خۆمان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەی مێژوو لەسەر شانی یەک بە یەکی ئێمەی داناوە بەڵێندارتر دەکەین، وە ڕوو بە هەموو تێکۆشەران و خەباتکارانی نەسرەوتووی ئەم ڕێبازە دەڵێین، ئێوە خاوەنی ئەم حیزبەو دەسکەوتە بە نرخەکانین.
ئەگەر ئەمڕۆ کۆمەڵە حیزبێکی جەماوەری و شوێندانەرەوە هێشتا پاش زیاتر لە چوار دەیە و وێڕای دەیان کێشە و قەیران کە بۆی هاتووەتە پێش، هێشتا خەڵکی کوردستان بە دەم بانگەوازیەوە دێن،

...بۆ ل١٠

# ٨ی مارس: لەودیو پۆستەکانی سۆشیاڵ میدیا و لایکەکانەوە



دڵنیا ڕەشید پوور

٨ی مارس نمایش نییە. ئەم ڕۆژە لێپرسینەوە و تێڕامانە لە خۆمان.

ئەم ڕۆژە لێپرسینەوە و تێڕامانە لە خۆمان.

ساڵانە وشەی جوان دەڵێین. پەیام بڵاودەکەینەوە. ڕێوڕەسم ڕێکدەخەین. دەستخۆشی لە ژنان دەکەین بۆ هێز، قوربانیدان و خۆڕاگرییان. بۆ چەند کاتژمێرێک، زمانی یەکسانی هەموو لایەک دەتەنێتەوە. بەڵام ئەی دوای ئەوە؟

بەیانییەکەی، هەمان ئەو پێکهاتە کۆنانە وەک خۆیان دەمێننەوە.

ئەمە ئەو ڕاستییە تاڵەی ڕۆژی جیهانیی ژنانە.

کەرنەڤاڵی سیمبۆلی ئاسانە، بەڵام گۆڕانکاریی ڕیشەیی سەختە.

گوڵ بەخشین سادەیە، بەڵام چاکسازی نا.

چەپڵەڕێزان هیچی تێناچێت، بەڵام یەکسانی پێویستی بە گۆڕانە.

ئەگەر ٨ی مارس تەنها ببێتە ڕێوڕەسمێکی پیاهەڵدان، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئارامکردنەوەی ویژدانمان بەبێ گۆڕینی ڕەفتارمان. دەبێتە بیانوویەکی ساڵانە بۆ ئەوەی بڵێین «خەممانە»، بەبێ ئەوەی بپرسین «بە کردەوە چیمان کردووە؟»

دەبێت بە ڕاشکاوی لە خۆمان بپرسین:

دوای کۆتایی هاتنی وتارەکان، ئایا ژنان دەگەڕێنەوە بۆ سەر مووچە نایەکسانەکان؟

دوای کۆتایی هاتنی مەراسیمەکان، ئایا بڕیارەکان هێشتا لەو ژوورانەدا دەدرێن کە ژنی تێدا نییە؟

دوای ونبوونی پۆستەکانی سۆشیاڵ میدیا، ئایا کچەکان هێشتا بە سنووربەندیی زیاترەوە لە کوڕەکان گەورە دەبن؟

ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، کەواتە ئاهەنگگێڕانەکەمان ناتەواوە.

یەکسانی لەناو دروشمەکاندا ناژی، دەبێت لەناو سیستمەکاندا بژی.

دەبێت لەناو ئەو یاسایانەدا بژی کە پارێزگاری لە ژن دەکەن.

لەناو ئەو شوێنەوارانەی کاردا کە ژن بەرز دەکەنەوە.

لەناو ئەو ماڵانەی کە متمانەیان بە کچ هەیە هێندەی متمانەیان بە کوڕ هەیە.

لەناو ئەو پەروەردەیەی کە هاوبەشی فێر دەکات، نەک باڵادەستی.

ئێمە زۆرجار ستایشی ژنان دەکەین وەک «دڵی کۆمەڵگە». بەڵام کۆمەڵگەیەک کە ژن بە دڵی خۆی ناوببات و لە هەمان کاتدا بێبەشی بکات لە دەسەڵات، جیاوازیەکەی لەگەڵ سیستەمی پیاوسالاری کۆن تەنها ئەویە کە شاعیرانەتر قسە دەکات.

ڕێزی ڕاستەقینە هەست نییە، بەڵکو پێکهاتەییە.

واتە سەربەخۆیی ئابووری، چونکە پاشکۆیی، ئازادی سنووردار دەکات.

واتە ئامادەیی سیاسی، چونکە ئامادەنەبوون واتە بێدەنگی.

واتە وەرچەرخانی کولتووری، چونکە ڕق و کینە و پێشوەختە بڕیاردان فێر دەکرێن، ئەوەی فێرکراویش بێت دەکرێت لەبیر بکرێتەوە.

بەڵام لێرەدا دەبێت وریابین.

ڕێگای یەکسانی، جەنگی نێوان ڕەگەزەکان نییە.

ئەمە بنیاتنانەوەی بیرکردنەوەیە.

پیاو دوژمن نییە.

ناپاکی و نادادپەروەری دوژمنە.

فیکری پیاوسالارانە دوژمنە.

ترس لە گۆڕانکاری دوژمنە.

پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە لەم خەباتەدا بێگانە نین. ئەوان کوڕی ژنانن. بە دەستی ژن گەورە بوون. خۆشەویستییان بۆ ژن هەیە وەک دایک، خوشک، کچ و هاوبەشی ژیان. کۆمەڵگە ناتوانێت بەرەو پێش بچێت بە دابەشبوونی بۆ دوو بەرەی نەیار.

هێزی ڕاستەقینە لە هاوپەیمانێتی ئازایانەدایە.

باوکێک کە هانی خەونەکانی کچەکەی دەدات، بەشێکە لەم بزووتنەوەیە.

برا گەورەیەک کە بەرگری لە سەربەخۆیی خوشکەکەی دەکات، بەشێکە لەم بزووتنەوەیە.

هاوسەرێک کە ژنەکەی وەک هاوبەشێکی یەکسان دەبینێت، بەشێکە لەم بزووتنەوەیە.

ئەو یەکسانییەی لە ڕێگەی یەکگرتووییەوە بەدەست دێت، بەردەوام دەبێت. بەڵام ئەو یەکسانییەی لە ڕێگەی ڕقەوە پەیڕەو دەکرێت، دابەشکاریی نوێ دروست دەکات.

بۆیە دەبێت ٨ی مارس ببێتە ڕۆژی بەخەبەرهاتنی بە کۆمەڵ، نەک تاوانبارکردنی بە کۆمەڵ.

ڕۆژێکە بۆ ژنان تا بێ داوای لێبووردن بەرگری لە سنوورەکانی کەسایەتیی خۆیان بکەن.

ڕۆژێکە بۆ پیاوان تا بێ ئەوەی هەست بکەن هێرش بۆ سەر کەسایەتییان کراوە، پێداچوونەوە بەو بیرۆکانەدا بکەن کە بۆیان ماوەتەوە.

ڕۆژێکە بۆ کۆمەڵگە تا بپرسێت:

ئایا هێندە ئازاین کە ئەوە بگۆڕین کە لەگەڵیدا ڕاهاتووین بەڵام نادادپەروەرانەیە؟

چونکە سەختترین بەشی یەکسانی، دەرکردنی یاسا نییە.

بەڵکو گۆڕینی ڕەفتاری ڕۆژانەیە.

ئەوەیە کە ڕێگە بدەیت ژن قسە بکات بێ ئەوەی قسەکەی پێ بڕیت.

ئەوەیە کە دەسەڵاتی ژن قبوڵ بکەیت بێ ئەوەی گومان لە ڕەوا بوونی بکەیت.

ئەوەیە کە پشتگیری لە ویستی ژن بکەیت بێ ئەوەی ناوی بنێیت «یاخیبوون».

ئەوەیە کە کوڕان فێر بکەیت هێز واتە بەرپرسیارێتی، نەک کۆنترۆڵکردن.

کۆمەڵگە ئەو کاتە پێدەگات کە چیتر لە ژنی بەهێز نەترسێت.

با ڕاستگۆ بین: هەندێک جار دەترسین.

لە سەربەخۆییان دەترسین.

لە بێدەنگ نەبوونیان دەترسین.

لە گۆڕانی هاوسەنگییەکە دەترسین.

بەڵام هاوسەنگی بە مانای دۆڕان نییە. هاوسەنگی واتە سەقامگیری.

کاتێک ژن بەرز دەبێتەوە، پیاو ناکەوێت.




کاتێک ژن مافەکانی بەدەست دەهێنێت، کۆمەڵگە لاواز نابێت.

بەڵکو بە پێچەوانەوە، زیرەکتر، داهێنەرتر و خۆڕاگرتر دەبێت.

٨ی مارس نابێت لەگەڵ ئاوابوونی خۆر کۆتایی بێت.

دەبێت لەگەڵمان بێتە ناو دامەزراوەکانمان، ماڵەکانمان، گفتوگۆ و بڕیارەکانمان.

پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا ئاهەنگ بۆ ئەم ڕۆژە دەگێڕین یان نا.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا بەهۆی ئەم ڕۆژەوە دەگۆڕێین؟

با ئەم ٨ی مارسە بە وتارە جوانەکانەوە یادی نەکرێتەوە.

با وەک ئەو ساتەوەختە یاد بکرێتەوە کە تێیدا ڕاستگۆییمان هەڵبژارد لەبری ئاسوودەیی، گۆڕینی سیستەممان هەڵبژارد لەبری سیمبۆل، و یەکگرتووییمان هەڵبژارد لەبری دابەشبوون.

چونکە کۆمەڵگەیەک کە ژنەکانی ئازاد بکات، تواناکانی خۆی ئازاد دەکات.

وە کۆمەڵگەیەک کە پێکەوە بۆ دادپەروەری ڕادەوەستێت، بەهێزترە لە هەر نەریتێک کە بیەوێت بیگەڕێنێتەوە بۆ دواوە.

داهاتوو بە چەپڵە دروست نابێت.

بە ئازایەتی بنیات دەنرێت. ئازایەتییەکی هاوبەش.

وە دەبێت ئەو ئازایەتییە هی هەموومان بێت.

دریژەی لاپەرەی ١

# زمانی دایک؛ پارێزەری مێژوو و ئەندازیاری

«تێگەیشتن لە چەمکەکان» تەرخان دەکرێت، ئەمە وا دەکات زمان ببێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ ئەوەی منداڵەکە ببێتە بەرهەمهێنەری مانا و خاوەن ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە. مەهاتما گاندی لەمبارەیەوە دەڵێت: «هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت بە زمانێکی بێگانە گەشە بکات؛ زمانێکی بێگانە وەک شووشەیەکی دەستکرد وایە بە جێی ئەوە بینایی ڕوون بکاتەوە چاو دەپۆشێت.» فەرزکردنی زمانێکی تر، دیوارێک لە نێوان «هەست» و «زانست» دروست دەکات، کە دەرئەنجامەکەی جۆرێکە لە نامۆبوون.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم لایەنە دەروونییە، نوام چۆمسکی، زمانەوانی ناودار، زمان وەک پێکهاتەیەکی بایۆلۆژی و سیاسی دەبینێت. ئەو پێی وایە زمان گوزارشتە لە «ئیرادەی دەسەڵات». کاتێک سیستمێکی پەروەردە زمانێکی دایک پەراوێز دەخات، لە ڕاستیدا دەیەوێت «نەخشەی بیری» ئەو نەتەوەیە کۆنترۆڵ بکات. زمان دیموکراسیترین دیاردەی مرۆییە؛ چونکە هەموو مرۆڤێک مافی هەیە جیهان بەو وشانە ناوزەد بکات کە لە دایکییەوە فێری بووە. بێبەشکردنی کورد لەم مافە، جۆرێکە لە «ستەمکاریی زمانەوانی» کە ڕێگرە لە گەشەی سروشتیی کۆمەڵگە و تەنانەت لە ڕووی ئابووریی مەعریفەشەوە زیانێکی گەورە بە نەتەوە دەگەیەنێت.

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، زمان گەورەترین «سەرمایەی مرۆیی»یە و کاتێک نەتەوەیەک بە زمانی خۆی پەروەردە دەبێت، ئاستی داهێنان بەرز دەبێتەوە و تێچووی فێربوون کەمدەبێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، فرانتس فانۆن لە کتێبی «پێستە ڕەشەکان، ماسکە سپییەکان»دا ئاماژە بەوە دەکات کە داگیرکەر بەر لەوەی زەوی داگیر بکات، زمان داگیر دەکات. قسەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت: «ئەو نەتەوەیەی زمانی خۆی لەدەست بدات، کلیلی ئەو زیندانەی لەدەست داوە کە تێیدا دیل کراوە.» ئەم کلیلە، تەنیا بۆ کردنەوەی دەرگای قسەکردن نییە، بەڵکوو بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکانی مێژووە. منداڵێک کە بە کوردی دەخوێنێتەوە، لە مێژووی خۆی تێدەگات و «ناسیاریی» دەبێت بەرامبەر بە مافە نەتەوەییەکانی. ئەمە ئەو خاڵەیە کە لێیەوە «مافی چارەنووس» چەکەرە دەکات و ٢١ی شوبات دەبێتە مانیفێستی ئەم هاوارە بۆ دادپەروەری.

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، بەڵێنێکی نەتەوەیی و گەردوونییە، چونکە بێبەشکردنی منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک، جۆرێکە لە «جینۆسایدی کولتووری» (Linguistic Genocide).

نێڵسۆن ماندێلا دەڵێت: «ئەگەر بە زمانێک لەگەڵ مرۆڤێک بدوێیت کە لێی تێدەگات، قسەکانت دەچنە مێشکی؛ بەڵام ئەگەر بە زمانی دایکی لەگەڵ بدوێیت، قسەکانت دەچنە ناو دڵییەوە.» ئەلفوبێی کوردی بۆ منداڵی ئێمە، ئەو کلیلە زێڕینەیە کە ئەم میراتە بە زیندوویی دەگەیەنێتە نەوەکانی داهاتوو. زمانی کوردی پانتاییەکی فراوانی ئەدەبی و فەرهەنگییە؛ لە مەم و زینی خانییەوە تا شیعرەکانی نالی و گۆران. پاراستنی ئەم زمانە لە پەروەردەدا، واتە پاراستنی ئەم میراتە گەورەیە. منداڵێک کە بە کوردی گۆش دەکرێ، تێدەگات کە پاراستنی زمان، جۆرێکە لە خۆڕاگریی (Resistance) بێدەنگ بەڵام کاریگەر، کە دۆخە نابەرابەرەکان دەگۆڕێت بۆ نووسینەوەی مافی چارەنووس.

پەروەردە بە زمانی دایک، پێویستییەکی زانستی، فەلسەفی و مرۆییە. ئەگەر بمانەوێت نەوەیەکمان هەبێت کە لە ناو جەنجاڵیی جیهاندا خۆی ون نەکات و ببێتە ئەندازیاری داهاتوویەکی دادپەروەر، دەبێت ڕێگەی بدەین بەو زمانە «بخوێنێت، بنووسێت و بیر بکاتەوە» کە یەکەمجار وشەی «دایک» و «نیشتمانی» پێ گۆ کردووە. تەنیا لەو کاتەدایە کە مێژوو نابێتە بار بەسەرمانەوە، بەڵکوو دەبێتە هێزێک بۆ بازدان بەرەو ئاسۆی ڕزگاری. زمانی دایک، دوا سەنگەری پاراستنی مرۆڤایەتییە لە جیهانێکی بێ ناسنامەدا.

# باروودۆخی ئێستای ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



چیمەن جەوانڕوودی



توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان کە لە کولتووره پەراوێزییەکانەوە هاوردە دەکرێن و کاریگەرییەکانی لەسەر کولتووری کۆمەڵگەی کوردی

**پوختە**

توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ناتوانرێت وەک تایبەتمەندییەکی سروشتی کولتووری کوردی هەژمار بکرێت، بەڵکو دەرئەنجامی کارلێکی مێژوویی، سیاسی، یاسایی و کولتوورییە کە زۆربەی لە دەرەوە هاوردە کراون. ئەم توێژینەوەیە بە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی—مێژوویی، سەرچاوە و میکانیزمی گواستنەوەی فۆرمەکانی توندوتیژی ڕەگەزی دەکۆڵێتەوە؛ وەک ناموس پەرستی توندڕەوانە، هاوسەرگیریی زۆرەملێ، فرەژنی، کۆنترۆڵکردنی جەستە و جل و بەرگ و سنووردارکردنی فێرکردن و کار. لە هەمان کاتدا، بە شیکردنەوەی ئەدەبیات، ئەفسانە و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، نیشان دەدرێت کە کولتووری ڕەسەنی کوردی لە بنەڕەتدا خاوەنی توانای بەشداری، بێ سووکایەتی بە ژن و ڕێزگرتن لە کرامەتی ژن بووە. توێژینەوەکە هەروەها بارودۆخی ئێستای ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شی دەکاتەوە و شێوەکانی خەبات و دووبارە پێناسەکردنەوەی پێگەی ژن دیاری دەکات.

## ١. پێشەکی

توێژینەوە لە توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێویستی بە تێگەیشتنێکی فرە ڕەهەند لە مێژوو، سیاسەت و کولتوور هەیە. ڕێبازە بچووککەرەوەکان کە ئەم دیاردەیە بە تەواوی دەگەڕێننەوە بۆ «فەرهەنگی کوردی»، نەک هەر نازانستی، بەڵکو بەرهەمهێنەری ڕوایەتە ڕۆژهەڵاتناسانە و کلیشەییەکانن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی سەرچاوەی دەرەکیی توندوتیژییە ڕەگەزییەکانە و نیشاندانی ئەوەیە کە چۆن ئەم شێوەیە لە پرۆسەی گواستنەوەی کولتووری و دەسەڵاتی سیاسی—یاساییدا چوونەتە ناو کۆمەڵگەی کوردییەوە.

## ٢. چوارچێوەی تیۆری و مێژوویی:

توندوتیژی دژی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرجار لە چوارچێوەی نەزمێکی پیاوسالاری ناوچەییدا ڕوودەدات؛ نەزمێک کە لەسەر بنەمای پێکهاتە خێڵەکی، لێکدانەوە ئایینییە نەریتییەکان و سیستەمی یاسایی حکومەتە ناوەندییەکان دامەزراوە.

کۆمەڵگای کوردی وەک بەشێک لەم جوغرافیایە، بە ناچاری بەرکاری ئەم فشارانە بووە، بەڵام لە پێکهاتە نەریتییەکانیدا ژنان ڕۆڵێکی چالاکیان هەبووە؛ لە کشتوکاڵ، ئابووری بژێوی و ژیانی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتە ناوەندییە مۆدێرنەکان، یاسا و گوتاری ئایدیۆلۆژیک بە شێوەی توندتر نایەکسانی ڕەگەزی و توندوتیژییەکی بەدامەزراوەیی دروست کرد.

## ٣. فۆرمەکانی توندوتیژی هاوردە لە کۆمەڵگەی کوردیدا

٣.١ شێواندنی چەمکی «شەرەف»

لە کولتووری مێژوویی کوردیدا، شەرەف مانایەکی ئەخلاقی و مرۆڤی گشتگیری بووە.

بەڵام لە کارلێکی مێژوویی لەگەڵ سیستەمە خێڵەکی و گوتارە ئایینییە تاکڕەوەکاندا، ئەم چەمکە گۆڕانکاریی ماناداری بەسەردا هات و بوو بە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ژنان. بەم شێوەیە، «توندوتیژی شەرەف» دەبێت وەک دیاردەیەکی هاوردە سەیر بکرێت، نە درێژکراوەی کولتووری ڕەسەن.

٣.٢ هاوسەرگیریی زۆرەملێ و ئاڵوگۆڕ

ئەم شێوازانە کە ڕەگ و ڕیشەیان لە هەندێک کۆمەڵگای پەراوێزدا هەیە، لە ڕێگەی کۆچ، کاریگەریی سیاسی و ئابوورییەوە چوونەتە ناو کۆمەڵگەی کوردی و بوونەتە هۆی توندوتیژی خێزانی و زیانە دەروونییەکان.

٣.٣ فرەژنی

فرەژنی کە پشت بە فیقهی نەریتی و یاساکانی شەریعە بەسراوە، لە هەندێک ناوچەی کوردیدا بەدامەزراوەیی کراوە و نایەکسانی جێندەری قووڵتر کردووەتەوە.

٣.٤ کۆنترۆڵکردنی جەستە و جل و بەرگ و حیجابی زۆرە ملی.

کۆنترۆڵی جل و بەرگ و حیجابی زۆرە ملی بۆ ژنان و سنووردارکردنی. بوونی ژن لە فەزای گشتی، دەرئەنجامی سیاسەتە فەرمی و گوتار ئایینییەکانە، نە ڕەگ و ڕیشەی کولتووری ڕەسەنی کوردی بوو بێت. نەریتە کوردییەکان بە هۆی شێوەی ژیانیان (کۆچەری و کشت و کاڵ بووە) بوونی هاوبەشی ژن و پیاو پشتڕاست دەکەنەوە.

٣.٥ سنووردارکردنی فێرکردن و کار

سیاسەتە ناوەندیگرایی توندوتیژییەکی پێکهاتەیی دژی ژنان دروست کردووە، بە تایبەتی لە بێبەش بوون لە فێرکردن و دەستگەیشتن بۆ بازاڕی کار.

## ٤. ژن لە ئەدەبیات و نەریتە کوردییەکان.

ئەدەبیاتی کلاسیک و بەستەی کوردیدا بە چاوی سووک لە ژن ناڕوانێت. بۆ نموونە لە «مم و زین»ی ئەحمەد خانیدا، زین کەسایەتییەکی هۆشیار و هەڵبژاردەگر بووە. لە ڕیوایەتەکانی دەنگبێژاندا ژنان عاشق دەبن، بڕیار دەدەن و بەرگری دەکەن. ئەمە نیشان دەدات ڕەتکردنەوەی مافی هەڵبژاردن ڕەگەزی لە کولتووری کوردیدا نەبووە و ئەم دیاردەیە هاوردەی دەرەکی بووە.(بە تایبەت نەریتی عەرەبی و ئیسلامی)

## ٥. بارودۆخی ئێستای ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە: خوێندنی باڵا، بەشداری سیاسی و چالاکی ئەدەبی و هونەری زیادبوون. بەڵام هێشتا فشاری شەرەف، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و توندوتیژی شاراوە بەردەوامن. ئەم پارادۆکسە نیشان دەدات کێشەکە لە پێشکەوتنی ژنان نییە، بەڵکو لە قەیرانی دەسەڵاتی پێکهاتە پیاوسالارییەکاندایە.

## ٦. بەرخۆدان و دووبارە پێناسەکردنەوەی پێگەی ژنان

بزووتنەوەکانی ژنان، چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەدەب و هونەر، و گەشەی هۆشیاری یاسایی بوونەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ بەرخۆدانی کولتووری نەرمی دژ بە توندوتیژی. ئەم پرۆسانە یارمەتیدەرن بۆ زیندووکردنەوەی بەها ئینسانییەکانی کولتووری کوردی.

## ٧. ئەنجام

توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا لادانێکی مێژوویی و هاوردەیە، نە تایبەتمەندییەکی سروشتی. کولتووری ڕەسەنی کوردی خاوەنی توانای بەشداری، ناتوندوتیژی و ڕێزگرتن لە کرامەتی ژن بووە. دووبارە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی چەمکەکان وەک شەرەف، خێزان و ناسنامە، و بەستنەوەیان بە مافەکانی ژنان، دەتوانێت بنەمایەکی گرنگ بۆ سیاسەتە کولتووری و پەروەردەییەکانی داهاتوو دابین بکات.

# ئاخۆ ناوەندی ئێران بە ئێمە دێموکراتیزە دەکرێ؟






کەیوان دووڕودی

بەشێ لە چالاکانی سیاسی پێداگرن بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردستان پردێکی پەیوەندیی پتەو و مانادار لەگەڵ ناوەندی جوغرافیای ئێران بە ڕێکخراو و خەڵکەوە دامەزرێنێ -کە زۆریش باشە ئەگەر جێبەجی بێت- بەڵام ئەم پرسە هاوشێوەی ڕۆژاوا و ئەزموونی تاڵی بیرۆکەی «برایەتیی گەلان» و داڕمانی دیواری متمانە لە عێراقی بەفیدراڵکراو، قورس، ئاڵۆز و لێڵە. لانی کەم تا ئێستە ئێمە جگە لە دوو ڕەوتی ئیسلامی سیاسی-شیعی و پاوشاخوازی، هیچ لایەنێکی سیاسیی پێکهاتوو و گەشەکردوو لە ناوەڕاستی جوغرافیای ئێران ناناسین کە خاوەن پێگە بێ و جەماوەرێکی بەدەور خۆیدا کۆ کردبێتەوە و چالاکیی لە خۆی نواندبێ. واتە مەودایەکی یەکجار دوور لە نێوان فەرهەنگی سیاسیی ئەو بەشە لە جوغرافیای ئێران و دێموکراسیخوازی هەیە کە ئەمەش خۆی دەرخەری پاشخانی دیکتاتۆری لەو دەڤەرە. پاشخانێ کە ڕەگەکەی لە پەیوەندیی سیاسی و کۆمەلایەتیی ڕابردوویە. لە کۆندا لەو ناوچە پاوشا خاوەنی ماڵ و گیانی خەڵک بووە و بە وتەی کەسانێ وەک هومایوون کاتووزیان کەمئاوی، وای کردووە کە بۆ دەستخستنی سەرچاوەکان، کۆمەڵگە چاولەدەستی هێزی دەسەڵاتدار بێ و سەربەخۆیی ئابووریی خۆی لەدەست بدات. هەروەها دەسەڵاتێ وەکوو سەفەوییەکان بە زەبری شمشێر ئایینی بە خەڵک گۆڕیوە. جگە لەمانە تەنانەت تاکی پاوشا هەستی بە پارێزراوبوون لەوێ نەکردووە و گۆڕینی دەسەلات پێڕەوەیی لە هیچ ڕێسایەکی تایبەت نەکردووە و هەر کەس و لایەنێ شمشێری بەبڕشتتر بووە، بووەتە خاوەن دەسەلاتی ڕەها و هەموو دژبەرانی کەلەلا و شاربەدەر کردووە. هەچ گومان نییە لەوەی کە پەراوێزی ئێرانیش لە پریشکی ئەم سەرەڕۆیی و ڕەهایی دەسەڵاتەی بەر کەوتووە؛ بەڵام بە هەر هۆیەک -لەوانە دووری لە ناوەند و جیاوازیی سروشت و سەرچاوەی ئاو و هتد- توانیویە حوکمڕانیی خۆجێیی جیاواز دروست بکات کە لانی کەم دەرفەتی ژیانێکی نیمچەسەربەخۆ بە خەڵکی ژێردەسەڵاتی بدات. هەر جۆر بێ، بۆماوە مێژووییەکانی کورد وای کردووە کە بتوانێ لە زەلکاوی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گیرۆدەی قەیرانی ڕەوایی، توندوتیژی، دەمارگرژی و شۆڤینیزمدا، ڕێکخراوی تایبەتی خۆی دروست بکات کە سەرەرای گشت کەموکۆڕییەکانی _کە باسکردنی لەم واترە ناگونجێ- ببێتە کۆڵەکەی ڕاگری لە جیهانی مودێڕندا. ڕێکخراوگەلێ کە لانیکەم پلان و پێڕەوی نووسراویان هەیە و بە جێگەی دابەزاندنی پرسی سیاسەت بۆ «باش و خراپبووونی» تاکەکان، هێشتا بڕوامەندن بە ئەسڵی مشتومڕ و دیالۆگ بۆ بەرەوپێشبردنی خواستەکان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا. شکستی مودلی لەمەوبەری حوکمڕانیی کوردەکان لە سووریە لەژێر ناوی «ناوچەی باشوور و ڕۆژهەلاتی سووریە» وای کرد کە جارێکی تر کورد بیر لەوە بکاتەوە کە چ ڕێگەیە لەم ولاتانە بگرێتە بەر تا سەقامگیری و ژیان جێگەی هەڕەشە و کوشتوبڕ بگرێتەوە و خۆی پێکهاتەکانی تر پێکەوەژیانێکی ئینسانی دەست پی بکەن. کاتێ خێڵە عەرەبەکان وازیان لە هاوپەیمانیی کورد هێنا و پێشوازییان لە هیزی ئەحمەد شەرع کرد، ئەو ڕاستییە جارێ تر سەلمێندرا کە ئەوە تیۆری-برایەتیی گەلان- نییە کە دەبێ بکرێتە ڕاستی، بەڵکوو ئەوە ڕاستییەکانە کە دەبێ بیردۆزی تایبەتی بۆ دابڕێژرێ. ئەزموونی عێراقی ٢٠٠٣ بەم لاوەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە «عێراقی ئیشتراکی» نەیتوانی وەلامدەری پێویستییەکان بێ. کاتێ مووسڵی سوننە هێشتا بەهۆی تۆمەتباربوونی بە پشتگیریی سەدام، لەژێر قامچیی تۆڵەی شیعەی عێراقدا بوو، داعش بێ هیچ بەرگرییەک دەستی نایە قوڕگی و بەغداد بەجێی ڕزگارکردنی، بە فوتوا حەشدی شەعبیی پێک دەهێنا تا نەجەف نەکەوێتە دەست داعشی لکێندراو بە سوننە، دەرکەوت کە وڵاتی عێراق لە ناوێکی سەر کاغەز تێناپەڕێ و مردوویی لەدایک بووە. بە هەمان شێوە وەختێ کورد شەڕی داعشی کرد، بوودجەی لێ برا، ئەوە ئێتر گومانی نەهێشتەوە لە نوقمبوونی عێراقی پۆست سەدام لە زەلکاوی دەمارگرژی و دژەئەویتربوون. بەم پێیە، دەبێ بزانین لەگەڵ ئەوەی -بە دروستی- پێداگر بین لەسەر پرەنسیپە دێموکراتیکەکان وەکوو پێکەوەهەڵکردن و گفتوگۆ، بەڵام بیرمان بێ کە دێموکراتیزاسیۆن ئەرکی کورد نییە؛ بەڵکوو جۆرێکە لە بەرپرسایەتی و مەرج نییە بۆ بەدیهاتنی، خۆی قوربانی بکات. لە ڕاستیدا ئێرانی ژێرچەپۆکی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوەندە لە پێکەوەژیان تێ دەگات کە پاوشایەتیخوازەکان لێی تێ دەگەن ئەوەی جیهانی ئەمڕۆ بەڕێوە دەبات «بەرژەوەندیی گشتیی» (نەتەوەیی) یی لەسەر بنەمای دێموکراسییە و کورد دەبێ لەپێشدا بزانێ کە ئەگەر ستراتیژیی دێموکراسیخوازییە، ئەوە دەبێ لە ناو خۆیەوە دەست پێ بکات نەک بەپێچەوانەوە «داوای دێموکراسی» بکات و وابزانێ لەو ڕێگەیەوە دەکری ئەوانتر بە قەناعەت بگەیەنێ کە دێموکراتیکبوون بەرهەمی باشی دەبێ! چونکە بەپێی واقیعی سیاسی، پرسی مانەوە (بقا) و ئەمنییەت گرینگتر لە بەها گەردوونییەکانە. بۆیە ئێمە لە پێشدا ببین بە خاوەن هێزێ کە لەژێر چەتری نوێنەرایەتییەکی ڕەوا ق دێموکراتیک بمانپارێزی؛ ئەجار بۆ ئەوەی پێکەوەژیان ئەزموون بکەین دەستی دۆستایەتی بۆ گەلانی تر درێژ بکەین. لای نووسەری ئەم دێڕانە پێداگریی لەسەر دێموکراتیزاسیۆنی ئێران، پێشمەرجی گەرەک و ئەو پێشمەرجەش هیچ نییە جگە لە یەکلاییکردنەوە پرسی ناوخۆیی لەڕێگەی ڕەوا و دێموکراتیک. بۆیە جارێ تر ئێمە دەبێ پێداچوونەوەی جیددی بکەین بە نوێنەرایتیی گەلی کورد و دروستکردنی مەرجەعێکی بەرز کە پۆتانسییەلی گلێرکردنەوەی جەماوەری بێ لەنیوخۆی کوردستاندا و تا کاتی گەیشتن بەو ئامانجە، دروشمی دەرەکی، هەنگاوێ بۆ ئێمە و ئەوانی تریش بەرەو دێموکراتیزاسیۆنی ئێران و ناوچە ناپێوێ.

**ئێمە لە پێشدا ببین بە خاوەن هێزێ کە لەژێر چەتری نوێنەرایەتییەکی ڕەوا ق دێموکراتیك بمانپارێزی؛ ئەجار بۆ ئەوەی پێکەوەژیان ئەزموون بکەین دەستی دۆستایەتی بۆ گەلانی تر درێژ بکەین. لای نووسەری ئەم دێڕانە پێداگریی لەسەر دێموکراتیزاسیۆنی ئێران، پێشمەرجی گەرەك و ئەو پێشمەرجەش هیچ نییە جگە لە یەکلاییکردنەوە پرسی ناوخۆیی لەڕێگەی ڕەوا و دێموکراتیك. بۆیە جارێ تر ئێمە دەبێ پێداچوونەوەی جیددی بکەین بە نوێنەرایتیی گەلی کورد و دروستکردنی مەرجەعێکی بەرز کە پۆتانسییەلی گلێرکردنەوەی جەماوەری بێ لەنیوخۆی کوردستاندا و تا کاتی گەیشتن بەو ئامانجە، دروشمی دەرەکی، هەنگاوێ بۆ ئێمە و ئەوانی تریش بەرەو دێموکراتیزاسیۆنی ئێران و ناوچە ناپێوێ.**

# گواستنەوەی شکۆ لە یادەوەرییەوە بۆ ئیرادەی سەروەری




دواڕۆژ

ڕۆژی کۆمەڵە تەنیا یادکردنەوەی ڕۆژی ئاشکرابوونی خەباتی کۆمەڵە و باسی مێژووی حیزبێک نییە، بەڵکوو گوزارشتە لە بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری، تەمەنێک نوێگەری، ئیرادە و لەخۆبوردوویی چەند جیلی تێکۆشەرانی کوردستانە کە ویستیان و دەیانەوێت کوردستانیان لە وڵاتی خۆیاندا سەروەریی سیاسییان هەبێت و لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن. خەباتکارانێک کە زۆریان گیان و ژیانیان نایە ڕێگەی گەیشتن بە کوردستانێکی دادپەروەرانە و یەکسان و ئازاد.

تایبەتمەندیی ٢٦ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ئەوەیە کە دۆخی خەبات و هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حکوومەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قۆناغێکی هەستیار و جیاوازدایە، لە دۆخێکدا کە حکوومەتی تاوانباری کۆماری ئیسلامی کە ٤٧ ساڵە لە کوردستان تاوان دەخولقێنێت، ئەمڕۆ لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێکی بەرچاو لە شارەکان لە تاران و ڕەشت و ئیسفەهان و کەرەج و دەیان شاری ژێر دەسەڵاتیدا بە کۆمەڵکوژیی دەیان هەزار کەس ئەو تاوانانەی دووپات کردووەتەوە و ناوەڕۆکی بە ڕوونی بۆ هەموو نەتەوەکانی ناو ئێران و هەموو دانیشتوانی ئەو جوگرافیایە باشتر دەرکەوتووە. ئەمە سەلمێنەری ڕەوایی بزووتنەوەی کوردستان و هەڵوێستی کۆمەڵە بەرامبەر بە حکوومەتی ئێرانە.

کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە، ئەم دەسەڵاتەی بە ناڕەوا زانیوە و ملی بۆ کەچ نەکردووە و خۆڕاگرانە بەرامبەری ڕاوەستاوە و خەڵک و بزووتنەوەی کوردستانی بۆ ڕێکخستووە و کوردستان هەر لە سەرەتاوە باجی قورسی بۆ ئەم خۆڕاگرییە داوە. ڕاوەستاویی کوردستان بەرامبەر بە فەرمانی جیهادی خومەینی وەکوو تەنیا قەڵای داگیرنەکراوی ئازادی، هەزاران گیانبەختکردوو و دەیان هەزار زیندانیی سیاسی و ئیعدامە بە کۆمەڵەکان لە کوردستان، بەڵگەی ئەو ڕاستییە مێژووییەن.

پاش ٤٧ ساڵ خەباتی ئاشکرا، هەزاران گیانبەختکردوو، دەیان هەزار بریندار و تێکۆشەرانی پەڕیوەی دوورە وڵات، پاش نزیکەی نیو سەدە ڕەنج و خۆڕاگریی بنەماڵەی گیانبەختکردووان و زیندانیانی سیاسی، هزر و ڕوانینی کۆمەڵە دەتوانێت و دەبێت دەورێکی شوێندانەر و دیاریکەری لە بزووتنەوەی کوردستاندا هەبێت. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆی بە میراتگری ئەم مێژووە دەزانێت و ئەرکەکانی خۆی لە ئەمڕۆی کوردستاندا ئاوا پێناسە کردووە:

١. دەوڵەمەندکردن و پەرەدان بە ناسنامەی نوێگەری بە ئاسۆیەکی چەپ و پێشکەوتنخوازەوە

دامەزرانی کۆمەڵە هەم وەڵامێک بە پێویستییەکی مێژوویی لە کوردستان بوو کە تینووی نوێگەری و بیری سەردەم، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چارەسەری پێشکەوتووانەی ستەمەکانی سەر نەتەوەی کورد بوو، هەم ڕێگە و ڕێبازێک بوو کە لە درێژەی خۆیدا بوو بە هۆی پێشخستنی ڕوانین و شێوازی خەباتی سیاسی و ڕێبەرایەتیی ئەو خەباتە لە کوردستان. کۆمەڵە چارەسەری خۆی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی پێشکەش بە کوردستان کرد، سیاسەت و بەشداری لە ڕێبەرایەتیی سیاسیی لە پاوانی چینێکی تایبەت دەرهێنا و جەماوەریی کردەوە، ئاڵای ڕزگاریی کرێکاران و چەوساوەکانی هەڵکرد و بوو بە نوێنەری یەکسانیخوازانی کوردستان، خەباتی مەدەنیی لە بەرینترین ئاست لە کوردستان ئەزموون کرد. هەموو ئەو کارانەی لە مێژووی کۆمەڵەدا کراون نەک هەر وەکوو شانازییەکی مێژوویی بایەخیان هەیە بەڵکوو دەبێت ببنە بنەمایەک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و سەرکەوتنی خەباتی ئەمڕۆ و دواڕۆژی تێکۆشەرانی کوردستان بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەست و ئازاد و یەکسان و پڕ لە دادپەروەری و مافی ئینسان.

ئەرکی ئێستامان لە درێژەی مێژووی کۆمەڵەدا بریتییە لە نوێکردنەوەی گوتارە سیاسییەکان و شێوەی خەباتی بە جۆرێک کە وەڵامدەرەوەی نەوەی نوێ و ئەو ئاڵوگۆڕانە بێت کە لەم نزیکەی نیو سەدەیە و بەتایبەت پاش «شۆڕشی ژینا» لە کوردستان هاتوونەتە پێشەوە و کاریگەرییان لەسەر ناوەڕۆک و فۆرمی خەباتەکە بووە. گوتاری شۆڕشی ژینا و دروشمەکانی نیشانیدا کە گوتار و هزری کۆمەڵە چۆن لە کۆمەڵگای کوردستان ڕەگی داکوتاوە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ساڵانێکە هەوڵی یەکخستن و یەکڕیزیی چەپێکی کوردستانی دەدا. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەباتی ئەوەی ڕەوتی کۆمەڵە لەژێر ناوی خاوێنیی ئایدیۆلۆژیکدا تووشی پەراوێزکەوتن بکا یان لەباتی ئەوەی بەبێ لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵە دەست بۆ هەر جۆرە هاوپەیمانییەک و دوورکەوتنەوە لە ڕێچکەی چەپ ببات، خاوەندارێتی لە ڕەوتێکی چەپی کوردستان دەکات.

ڕەوتێک کە بە خوێندنەوەی دۆخی کۆمەڵگای کوردستان، بە ناسینی مێژوو و توانا و زەرفییەتەکانی چەپ لە کوردستان، بە تێگەیشتن لە کاریگەریی داگیرکراوبوونی کوردستان لەسەر دۆخی چەوساوەکان و بزووتنەوەی چەپ و بە دانانی پلانێکی هەمەلایەنە، ڕێگەی گەیشتن بە کوردستانێکی دادپەروەرانە و یەکسان و ئازاد خۆش دەکات و ڕێبەرایەتیی ئەو خەباتە دەگرێتە ئەستۆ.

٢. بەهێزکردنی یەکگرتوویی نەتەوەیی

کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و خاوەنی مەیلی سیاسی جیاوازە و بۆ ئەوەی هەموو هێزی یەکبخات تا بتوانێ بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی و داگیرکاران و تەنانەت دەسەڵاتی پاش کۆماری ئیسلامی بەرگری لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بکات، پێویستی بە کاری هاوبەش و هاوپەیمانیی بەرینی حیزبە سیاسییەکانی هەیە.

لە سەروبەندی ڕۆژی کۆمەڵەی ئەمساڵدا ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستان و کاردانەوەی کوردستان بەرامبەریان نیشانەی زیندوویی گیانی تێکۆشان بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و ئامانجی هاوبەشی کوردستانیانە بۆ تێکشکاندنی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە نەیانتوانیوە لێکمان جیا بکەنەوە. لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان جەخت لەسەر ڕەوایی هەڵوێستی خۆی لە بەرنامەی سیاسیی پەسەندکراوی کۆنگرەی «ژن ژیان ئازادی»دا دەکاتەوە و دووپاتی دەکاتەوە کە «بۆ چارەسەری بنەڕەتیی ستەمی نەتەوەیی، سەربەخۆیی ئامانجی دواڕۆژ و ئاسۆی ڕزگاریی یەکجارییە و لەم پێناوەشدا کۆمەڵە وەک هەمیشە ئاڵاهەڵگری خەباتە بۆ وەدەستهێنانی هەر دەسکەوت و هەنگاوێکی نەتەوەیی کە هەر ئاستێک لە ماف بۆ کوردستانیان لە ڕۆژهەڵاتی وڵات بگەڕێنێتەوە».

٣. ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و مەدەنی وەکوو بڕبڕەی پشتی دیموکراسی

ئەمڕۆ کوردستان لە بواری خەباتی مەدەنی لە ئاستێکی بەرز و دەوڵەمەندایە کە سەدان و هەزاران لیدەر و چالاکوانی مەدەنی و جەماوەریی پەروەردە کردووە. کۆمەڵە کە مێژوویەکی پڕشەنگداری لە خەباتی مەدەنیدا هەیە، ئەرکی ئێستای دەوڵەمەندکردن و گواستنەوەی ئەو ئەزموونەیە بۆ ناو جەرگەی کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی خەڵک خۆیان ببنە بڕیاردەری سەرەکی لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا و سیاسەت بکرێت بە ئەمری گشتی و لە پاوانی دەستەیەکی دیاریکراو دەربهێنرێت و جەماوەری کوردستان لە «دەنگدەر»ەوە ببنە «بڕیاردەر».

٤. درێژەی «شانازیی مێژوویی» لە «کردەوەی سیاسی»دا

ئەرکی ئەمڕۆی کۆمەڵە ئەوەیە ئەو مێژووە پڕ لە شانازییە بکاتە هەوێنی کار و پلانە سیاسی و حیزبییەکانی بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بێت.

٥. لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا

لە سەروبەندی ٤٧هەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران، ڕژێمی ئیسلامی کە بەرەوڕووی ڕاپەڕین و شەپۆلی نارەزایی بەرفراوان بووەتەوە، لە شۆڕشی ئەم دواییەی مانگی بەفرانباردا جەنایەتێکی خوڵقاند کە لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنەی نەبووە و لەوپەڕی وەحشیگەرییەوە، دەیان هەزار کەسی ناڕازی و بێتاوانی کوشت. بێگومان ئەم تاوانە ترسناکە دوا هەوڵی ڕژێمە بۆ بەردەوامبوون و پاراستنی دەسەڵاتی ڕەش و نگریسی خۆی.

کۆمەڵگەی کوردستان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسسازدایە. کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی بە ئەزموونی ٤٧ ساڵ خۆڕاگری و خەبات، ڕێگا نادەن کە دەسەڵاتێکی داگیرکەر و دژەخەڵکی و دیکتاتۆری جێگای خۆی بدات بە دەسەڵاتێکی ڕەشتر و دیکتاتۆرێک لە جلوبەرگێکی جیاوازدا. کوردستان و هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی دەتوانن و دەبێ ڕێگا نەدەن کە دەسەڵاتێکی سەرکوتگەری دیکە هەڕەشە لە خەبات و تێکۆشانی کوردستان، نەتەوە بندەستەکان، کرێکاران و ژنان و کۆمەڵگای پێشکەوتنخواز بکات. هاوپەیمانیی کوردستان دەتوانێ ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێ و ڕێگا نەدات کە جارێکی دیکە داگیرکاری و شەڕ و لەشکرکێشی ڕووبەڕووی کورد و نەتەوەکانی دیکە بێتەوە و دەسەڵاتێکی خۆسەپێن هەر لە ئێستاوە هەڕەشە لە خەڵک و کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵگا بکات.

# کۆمەڵە وەک خولقێنەر و لەدایکبوونێکی ناو مێژوو



## پەرویز ڕەحیم زادە

لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە درێژەی ڕێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە، جارێکی دیکە مێژوو ئەو ڕووداوەی وەبیری هەمووان هێنایەوە کە لە سەردەمێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا، ڕەوتێک لە کۆمەڵگای کوردستان هاتە مەیدانی خەباتی سیاسی کە بە ڕێبازێکی چەپ و پێشکەوتنخوازانە، قووڵترین کاریگەریی خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا دانا؛ دەیان نۆرمی باوی سەردەمی گۆڕی و لە جێگەیاندا کلتووری نوێی داچاند.

کۆمەڵگایەک کە لە لایەکەوە لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا بوو، لە لایەکی دیکەشەوە شەپۆلی نوێگەری و پێشکەوتنخوازانە لە ناخی جەماوەردا پەنگی دەخوارد، تەنیا ئەو بوونەوەرەی دەویست کە ڕووداوەکان بخوێنێتەوە، کاری چڕوپڕی ڕێکخستن ئەنجام بدات، دژی دواکەوتوویی بوەستێتەوە و بە شێوەیەکی زانستی و ڕادیکاڵ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، ببێتە قەڵایەکی قاییمی چینە بێبەشەکان، ئەوانەی بە درێژایی مێژوو پێناسەی خۆیان لەدەستدابوو؛ هاوکات ڕچەشکێنی لە هەڵوێستی بوێرانە بەرانبەر بیرۆکەی خۆسەپێن و گەڕانەوەی بڕیار بۆ لای جەماوەر بێت، کە ئەو بوونەوەرە کۆمەڵە و مێژووە پڕشنگدارەکەی بوو.

شکاندنی نۆرمە کۆنەکان وەک هونەری ئاوانگاردە لە شێوازی وێنەکێشاندا، کە کۆمەڵە لەگەڵ دەسپێکی ڕاگەیاندنی ئاشکرای خۆی ئەو بەستەڵەکەی شکاند و نیشانیدا کە سیاسەت و ڕێبازی پێشڕەو لە کوردستاندا ڕێگەی پێ ناگیرێ و وەک ئاوی سەرچاوەکان دەڕوات کە دەریایەکی خرۆشاو سەرپێ بخات.

بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا ڕەوتێک هاتە سەر شانۆی خەباتی سیاسی کە توانی لە دژی دواکەوتوویی ئیسلامی سیاسی بوەستێت و بەبێ ترس و نیگەرانی لەوەی ڕەنگە بکەوێتە پەراوێزەوە؛ بەڵام بە پشت بەستن بە خوێندنەوەیەکی مێژوویی ئەو ئەرکەی وێڕای نالەباربوونی دۆخی ئەو سەردەمە بردە پێشەوە، کە لە شۆڕشی ژینادا، واتە زیاتر لە چل ساڵ پاش ئەو دەسپێکە، پریشکی ڕاستیی ڕێباز و بۆچوونی ئەم ڕەوتەی بۆ هەمووان دەرخست کە ڕەنگە هێزی کۆنەپارێز بتوانێ بۆ ماوەیەک کەڵک لە دواکەوتوویی وەربگرێت، بەڵام ڕەوتی مێژوو لە کۆتاییدا بە قازانجی پێشکەوتووییە.

بۆ یەکەمجار لە شۆڕشی کوردستاندا هێزێک بە بیروباوەڕی چەپ و عەداڵەتخوازانە هاتە مەیدان و ئیرادەی بیری بەرابەری و یەکسانیی داچاند و ڕووی کردە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، ڕووی کردە کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشان کە خۆیان ڕێک بخەن و هێزەکانیان وەسەر یەک بخەن، چونکە تاکە ڕێگەی ڕزگاریی ئەوان لە هەموو جۆرە ستەم و چەوسانەوەیەک، وەستانەوەیە لە ڕیزێکی یەکگرتوودا؛ واتە سەرکەوتنتان لە گرەوی یەکگرتووییتاندایە و کۆمەڵە ئەم ئەرکەی بە باشترین شێوە بردە پێش.

لە پرسی بەرەنگارییشدا پێویستە ئەو ڕاستییە مێژووییە وەبیری خۆمان و دەوروبەر بهێنینەوە کە کۆمەڵە شانازیی ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە بێ ڕاڕایی و دوودڵی، دوور لە هەر دان و ستاندێک و تەنیا لە پێناو سەرپێخستنی مێژوویەکی نوێ و بەرپرسیارێتی و ناسینی ناوەڕۆکی ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، لە جیاتی دەستەوەستانی و چاوەڕێبوون، بڕیاری موقاوەمەتی گشتی لە کوردستاندا لە کاتی فەرمانی خومەینی بۆ سەر کوردستان دەرکرد و بەمشێوەیە، ڕێبازی شۆڕشگێڕانە خۆی لەنێو موقاوەمەتێکی نەتەوەیی و جەماوەریدا دیتەوە.

حیزبێک کە بوونی خۆی لەسەر بنەمای بەشداریی جەماوەر لە چارەنووسی خۆیاندا پێکهێنابێت و کۆمەڵانی خەڵکی بە گرینگترین فاکتەری بڕیار پێناسە کردبێت، نیشانەی وەرچەرخانێکی مێژووییە لە بەراورد لەگەڵ مێژووی پێش خۆی. لە کاتێکدا کە مێژووی کۆن سەردەمی بڕیاری تاکەکەس و تاکە لایەن بوو، وە لەو نێوەدا جەماوەر تەنیا کەرەستەی ڕەواییدان بوون، بەڵام ڕێبازی چەپ و کۆمەڵە، مێژووی کۆچی مەریوان، ڕێکخستنی کرێکارانی بێکار، ڕێکخستنی ژنان، مامۆستایان، جووتیاران و خوێندکاران و ئامادەکردن و ڕێکخستنی خەڵکی کوردستان بۆ موقاوەمەتی جەماوەریی دژی هێرشی ڕژێم لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بوو کە تێیدا کۆمەڵە گەیشتە لووتکەی گەشەی خۆی.



# ئۆلتیماتۆمی ترامپ بۆ تاران؛ جەنگ یان تەسلیمبوون؟

## هەژار

دۆناڵد ترامپ لە دوایین لێدوانەکانیدا مۆڵەتی ١٠ تا ١٥ ڕۆژی بۆ ڕژێمی ئیسلامیی ئێران دیاری کردووە تا هەموو ئەو مەرجانەی بۆی نووسیون واژۆ بکەن و بەتەواوی تەسلیم بن، ئەگەرنا هێرشێکی بەرفراوان دەکرێتە سەر دەسەڵاتدارانی تاران و «شتی خراپیان بەسەردا دێت». وتەکانی ترامپ دوای ئەوە هاتن کە خامنەیی ویستی گەمە بە ئەمریکا بکات؛ شارەزایان پێیان وایە ئەم دانوستانەی ڕژێم دەیکات تەنها بۆ کات کوشتن و خۆڕێکخستنەوەیە. یەکێک لە پێشنیارەکانی ڕژێم لە وەڵامی نامەکەی ترامپدا، ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم بووە بۆ ماوەی سێ ساڵ، بەڵام دیارە ئەمە تەنها بۆ تێپەڕاندنی خولی سەرۆکایەتیی ترامپە؛ ترامپیش بە باشی لەمە تێگەیشتووە و پێی ڕاگەیاندوون: «تەنها ١٠ تا ١٥ ڕۆژتان لەبەردەمدایە، من بایدن نیم کاتتان پێ بدەم».

هەر بەو هۆیەوە هەواڵنێریی «ڕۆیتەرز» بڵاوی کردووەتەوە کە قۆناغی ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر تاران پێشوەچوونی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. بژاردەی سەربازی، بەئامانجگرتنی تاکەکان و گۆڕینی ڕژێم، لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەمریکان. ترامپ لەمبارەیەوە دەڵێت: «زۆر بەداخەوە خەڵکی ئێران زۆر جیاوازن لە سەرکردەکانی تاران».

ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد کە لە ماوەیەکی کورتدا ٣٢ هەزار کەسیان لە ئێران کوشتووە و بڕیار بوو ٨٣٧ کەسی تر لە شوێنە گشتییەکاندا لە سێدارە بدەن، بەڵام هۆشداریی توندی پێ داون کە ئەگەر ئەو گەنجانە لە سێدارە بدەن، هێرشیان دەکرێتە سەر و هیچ دانوستانێکیان لەگەڵدا ناکرێت؛ ترامپ جەختی کردەوە کە بەزەیی بە خەڵکی ئێراندا دێتەوە چونکە لە ناو «دۆزەخدا» دەژین.

ئێستا ئیتر گرنگ نییە ڕژێم دێتە سەر مێزی دانوستان یان نا، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری گۆڕینی ڕژێمی داوە. واشنتۆن گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی ڕژێمێک کە خەڵکی خۆی دەکوژێت و ئەشکەنجە دەدات، نەک هەر جێگەی متمانە نییە، بەڵکوو ڕژێمێکی دژەمرۆییە و ئەگەر دەستی بە چەکی ناوەکی بگات، ڕەحم بە کەس ناکات. هێنانی ئەو هەموو کەرەستە سەربازییە بۆ ناوچەکە، تەنها بۆ یەک مەبەستە ئەویش گۆڕینی دەسەڵاتە لە تاران.

لە لایەکی دیکەوە، ڕژێمی ئیسلامی هەستی بە مەترسییەکە کردووە، بۆیە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆری هێز و چەک و تەقەمەنیی سوپای ڕەوانەی سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کردووە. هاوکات چەکی سووکی وەک دەمانچەی لە شارەکانی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر لایەنگرانی خۆیدا دابەش کردووە، تەنانەت دەمانچەی داوەتە شاروانییەکانیش. ئێستا ڕژێم بۆ پاراستنی بەرپرسەکانی، نەخۆشخانەکانی کردووەتە سەنگەر و دوور نییە قوتابخانەکانیش وەک قەڵغانی مرۆیی بەکار بهێنێت، هاوشێوەی ئەوەی لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا بینرا.

ئەم تاکتیکەی ڕژێم دوورە لە هەموو پرەنسیپە مرۆییەکان و پێشتر لە غەزە و لوبنان تاقی کراوەتەوە. هەر بەهۆی ئەم ڕەفتارانەوە، «ماری ئاگێنس شتراک زیمەرمان»، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی ئەورووپا، ڕاشکاوانە باسی لە دەرکردنی دیپلۆماتەکانی ڕژێم و سزادانی ئەندامانی سوپا لە ئەورووپا کردووە. هاوکات پسپۆڕانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان داوایان کردووە چارەنووسی هەزاران دەستبەسەرکراو ڕوون بکرێتەوە و بە زووترین کات سێدارەکان ڕابگیرێن.



# شوناسی نەتەوەیی و زمانی دایک؛ کۆڵەکەکانی ڕزگاری لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتدا



سۆران محەمەدی

پرسی شوناسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەوهەری ململانێیەکی سیاسیی قووڵە کە چەندین دەیەیە لە نێوان نەتەوەیەکی بندەست و ڕژێمە ناوەندگەراکاندا بەردەوامە. کۆماری ئیسلامی و پێش ئەویش دەسەڵاتی پەهلەوی، هەمیشە لە ڕێگەی «سڕینەوەی زمان» و «ئینکارکردنی شوناس»ەوە، ویستوویانە گەلی کورد لە ڕیشە مێژووییەکانی دابڕن. زمانی دایک بۆ ئێمە وەک بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز، سەنگەرێکی پۆڵایینە بۆ پاراستنی بوونی نەتەوەیی و ڕێگریکردن لەو تواندنەوە سیاسییەی ناوەند دەیەوێت بەسەرماندا بسەپێنێت.

لە ئایندەی گۆڕانکارییەکانی ئێراندا، مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایک و بە فەرمیناسینی شوناسی نەتەوەیی کورد، خاڵی جیاکەرەوەی دیموکراسیی ڕاستەقینەیە لە هەر جۆرە سیستمێکی تری ناوەندگەرا.

هەر پرۆژەیەکی سیاسی کە بیەوێت لە تاران بێتە سەر کار و دان بە فرەچەشنیی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسیندا نەنێت، درێژکراوەی هەمان دیکتاتۆریی پێشوو دەبێت لە بەرگێکی نوێدا. شوناسی ئێمە وەک کورد، گرێدراوی ئەو ئازادییە سیاسییەیە کە ڕێگەمان دەدات بە زمانی خۆمان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمان بدەین. خەباتی نەتەوەیی و خەباتی چینایەتی لێرەدا یەکدەگرن؛ چونکە چەوسانەوەی نەتەوەیی هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ چەوسانەوەی ئابووریی زەحمەتکێشانی کوردستان.

ئەرکی بزووتنەوەی چەپ لەم هاوکێشەیەدا، تێپەڕاندنی ئەو خوێندنەوە کلاسیکییانەیە کە شوناسی نەتەوەیی بە بابەتێکی لاوەکی دەبینن. ئێمە لە کۆمەڵەدا لەسەر ئەو بڕوایەین کە بەبێ ڕزگاریی نەتەوەیی، ڕزگاریی مرۆڤی کورد لە کۆت و زنجیرەکانی ستەم مەحاڵە. زمانی دایک کلیلی ئەو هۆشیارییە سیاسییەیە کە جەماوەر بەرەو ڕاپەڕین ئاراستە دەکات. کاتێک مامۆستایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات، سەرەڕای گرتن و ئەشکەنجە، بەردەوامن لە فێرکردنی ئەلفوبێی ئازادی، خەریکی داڕشتنی بناغەی دەسەڵاتێکی جەماوەرین کە لە ئایندەدا ڕێگە نادات هیچ هێزێک شکۆی مرۆڤی کورد بشکێنێت.

لە کاتی هاوپەیمانییە سیاسییەکاندا، پێویستە پرسی شوناس و زمان وەک هێڵی سوور و بنەمای هەر جۆرە ڕێککەوتنێک بێت. نابێت مافی نەتەوەیی ئێمە بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندییە کاتییەکانی هێزە ناوەندییەکان یان ئەو لایەنانەی هێشتا بە چاوی «پلە دوو» سەیری گەلانی ئێران دەکەن. ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەستی ئەو نەوەیەدایە کە بە زمانی دایکی خۆی فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بووە و ئامادە نییە جارێکی تر بگەڕێتەوە ژێر سایەی سیستەمێک کە زمانەکەی بە قەدەغە و شوناسەکەی بە هەڕەشە دەبینێت. پاراستنی زمانی دایک، پاراستنی ئەو ئیرادە شۆڕشگێڕانەیەیە کە دەیەوێت کوردستانێکی ئازاد و یەکسان بۆ هەموو زەحمەتکێشان بونیاد بنێت.




# دایە بەهیە؛ شکۆی مەریوان و پاسەوانی نەمری تاڵەسوار

وەنەوشە سەقز

٢ی ڕەشەممە، ساڵڕۆژی لەدایکبوونی دایە بەهیە کۆنەپۆشییە؛ ئەو ژنەی مێژووی سەد ساڵەی مەریوان لە باوەشی ئەودا گەورە بوو. ژیانی دایە بەهیە لە ساڵی ١٣٠٥ لە مەریوانەوە دەستی پێکرد و بووە گێڕانەوەی ڕەسەنی خۆڕاگریی نەتەوەیەک. ئەو لە گەرمەی شۆڕش و لە نێو زریانەکاندا، وەک پاسەوانێکی بەپێوە وەستاوی «تاڵەسوار» شکۆی نیشتمانەکەی پاراست. ماڵی دایە بەهیە تەنها شوێنی حەوانەوەی خێزانەکەی نەبوو، بەڵکوو لە ڕۆژە هەرە سەختەکاندا ببووە پەناگەی شۆڕشگێڕان و ناوەندی بڕیارە مێژووییەکانی مەریوان. لە نێوان ساڵانی ١٣٥٨ بۆ ١٣٦٠، کاتێک فەرمانی جیهاد دژی کوردستان دەرکرا، بنەماڵەی مستەفا سوڵتانی کەوتنە بەر شاڵاوی فاشیزمی ئایینی. دایە بەهیە لەو دوو ساڵە پڕ لە کارەساتەدا، پێنج تاقانەی جەرگی خۆی سپاردە خاکی ئازادی. لە کاک فوئادەوە کە ڕێبەرێکی کاریزماتیک، ئەندازیاری کۆچی مێژوویی مەریوان و یەکێک لە داڕێژەرانی بنەماکانی خەباتی نوێی کوردستان بوو، تا حوسێن، ئەمین، ماجد و ئەمجد. خەمەکانی دایە بەهیە لێرەدا نەوەستان؛ ئەو دەبوو ئازاری گیانبەختکردنی ئازیزانی تری وەک جەعفەر شەفیعی، زاوا تێکۆشەرەکەی و هاوسەری مەلەکەی مستەفا سوڵتانی هەڵگرێت، کە وەک پێشمەرگەیەکی دێرین و دیپلۆماتێکی لێهاتووی کۆمەڵە، خزمەتێکی بێوێنەی بە دۆزی کورد کرد. ئەوەی دایە بەهیەی کردە ڕەمزی دایکانی خۆڕاگر، ئەو ئیرادە پۆڵایینە بوو کە لە کاتی ئاوارەیی نەوەکانی و هەڕەشەی بەردەوامی سەر بنەماڵەکەی نیشانی دا. ئەو سەلماندی کە جەرگسووتانی ژنی کورد ڕەگداکوتانە لە ناو قووڵایی خاکدا نەک کۆڵدان. دایە بەهیە بە سەری بەرزەوە لە تەنیشت مەزاری کوڕەکانی لە تاڵەسوار دەوەستا و بە بێدەنگییەکی پڕ لە مانا، دەبووە هێما و ورە بۆ دایکانی تری کوردستان. ئەو ببووە دەنگی مەریوان کاتێک نیشانی دەدا شکۆی دایک و پشوودرێژیی خێزانێکی شۆڕشگێڕ، لە هەموو سێدارەکان بەرزترە. ئەمڕۆ کە یادی دایە بەهیە دەکەینەوە، چاو لەو ژنە دەکەین کە خەمی قووڵی کردە هێزی مانەوە و تان و پۆی بنەماڵە و شۆڕشی پێکەوە گرێ دا. دایە بەهیە ناوی خۆی و پێنج کوڕەکەی لە «تاڵەسوار» و لە ویژدانی مێژوودا وەک ڕەمزی نەمری چەسپاند. ناوی ئەو بۆ هەمیشە وەک دایکی شەهیدان و چرای ڕێگای ئازادی لە یادەوەریی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە



# هزری ژن، هێزی گۆڕانە...!



**شیرین کافی**

خەبات لە پێناو بەدیهێنانی مافی یەکسانی و مافی کۆمەڵایەتی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و جنسی و چەوسانەوەی چینایەتی، مێژوییەکی درێژخایەنی هەیە کە هەر کام لەم مێژوانەو ئەو خەباتانە وەبیر هێنەرەوەی هەزاران گیان فیدایی و قارەمانییەتی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازە کە بۆ دەستەبەرکردنی مافەرەواکانی ژنان و زۆرلێکراوان، لە خۆیان نیشانیان داوە. ڕۆژی هەشتی مارس وێرای وەبیرهێنانەوەی ئەم بەرخۆدانانە،ڕۆژی ڕێزگرتنە لەو خەبات و گیانبازیانە و ڕۆژی بانگەوازی ژنانی زۆرلێکراوە بۆ خەبات دژی هەرچەشنە بێ مافی و هەڵاواردنێک. لە ڕاستیدا هەشتی مارس بۆ خۆڕازاندنەوەی ژنان نیە بە پێچەوانەوە دەبێت وەک لەساڵی ١٨٥٦دا بەهەزاران ژن لەشاری نیۆرکی ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا دژی سەختی کارکردن و درێژەی ماوەی کارکردنیان ڕژانە سەرشەقامەکان و داوایان کرد کاتی کارکردنیان بۆکەم بکرێتەوە و موچەکانیان بۆ زیاد بکرێت پۆلیس بەتۆمەتی نانەوەی ئاژاوە زۆری لێ کوشتن و زۆری لێ بریندارکردن هەندێکیشیان بەندکران بەڵام کۆڵیان نەدا لە داواکاریەکانیان تا ئەوەی ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەچنەوە دیارە تا ئێستە نەینتوانیوە هەموو مافێکیان دەستەبەر بکەن بەڵام بەراورد بە ژنانی وڵاتە دواکەوتوەکان زۆریان لەمافەکانیان بەدەست هێناوە دەبێت ژنانی کورد لەوە وشیارتربن کە ئەو ڕۆژە بەخۆڕازاندنەوە و ئاهەنگ بەسەربەرن دەبێت بچنە سەرشەقامەکان داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا لەو وڵاتانەی کەژنان زیاتر دەچەوسێنەوە لەژێر ناوی دین وکلتوردا لەسەدەی بیست ویەکداین تا ئێستە ژنان و کچان بێ بەش دەکرێن لە مافە سەرەتاییەکانیان بە زۆر هاوسەرگیریان پێدەکرێت لەژێر تەمەنی نا یاساییەوە بەشودەدرێن لەهەقی خوێندن بێ بەشدەکرێن تا ئێستە سونەتدەکرێن واتەکەمئەندام دەکرێن تا ئێستە چەند ژنێک بۆپیاوێک بەناوی دینەوە حەلاڵ دەکەن لەژێرناوی شەرەفادا دەکوژرێن لە وڵاتە موسوڵمانەکانا کاتێک هاوسەرەکانیان لەژێر کاریگەری مادەی هۆشبەردا یاخود ئەنجامبدات یاخود ئەم کچە خوێنی نیە بەهۆکاری ئەوەی پەردەی کچێنی چەندین جۆری هەیە زۆرن ئەو مافانەی کە بەتایبەتی ژنانی کورد لێی بێ بەشن دەبوو لەجێی هەڵپەڕکێ پۆشاکەخوێناویەکانی ژنەکوژراوەکانیان بپۆشیایە بڕژانایەتە سەرشەقامەکان.

**خەبات لە پێناو بەدیهێنانی مافی یەکسانی و مافی کۆمەڵایەتی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و جنسی و چەوسانەوەی چینایەتی، مێژوییەکی درێژخایەنی هەیە کە هەر کام لەم مێژوانەو ئەو خەباتانە وەبیر هێنەرەوەی هەزاران گیان فیدایی و قارەمانییەتی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازە کە بۆ دەستەبەرکردنی مافەرەواکانی ژنان و زۆرلێکراوان، لە خۆیان نیشانیان داوە. ڕۆژی هەشتی مارس وێرای وەبیرهێنانەوەی ئەم بەرخۆدانانە.ڕۆژی ڕێزگرتنە لەو خەبات و گیانبازیانە و ڕۆژی بانگەوازی ژنانی زۆرلێکراوە بۆ خەبات دژی هەرچەشنە بێ مافی و هەڵاواردنێك.**

بە گشتی مرۆڤ سەربەست دێتە دنیا، بەڵام بە کردەوە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا،چواردەوری تەڵبەندی دەسکردی دەستی خوودی بەشەرە.

ئەگەر لێکدانەوەیەک لە سەر کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەین، کێشەی ژنان یەکێک لە کێشە مەزنەکانی مێژووی هاوچەرخ بووە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش تەنیا ڕێگە چارە پێشخستنو پێگەیاندنی کۆمەڵگایە لە باری فیکریو تاکاتێکیش کۆمەڵگا وەک زەرووەرەتێکی کۆمەڵایەتی لە بەرابەری ژنو پیاو نەڕوانێت کێشەی ژنو کێشە هاوچەشنەکانیشی چارەسەر نابێت. بۆیە ئەرکی هەر ئینسانێکی ئازادی خوازو روناکبیرە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژن لەکۆمەڵگادا هەوڵ بدات. ژنو پیاو وەک دوو باڵی پلەوەرێکن لەکۆمەڵگادا .پێشێل کردنی مافی ژن، واتە شکاندی باڵێکەولە راستیدا وەدواخستنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە .

ماوەتەوە بڵێن کە ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن ، کە لە راستیدا وەک ڕۆژی ڕێزگرتن لە نیوەی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی دیاری کراوە، هێشتاکە بە تەواوی پێگەی ڕاستەقینبەی ئینسانی بەدەست نەهێناوە. ژنان ئێستاکەش ئەسیری دەسەڵاتێکن کە بەردەوام زووڵم و زۆر بۆسەر ژنان بەرهەمدێنێتەوە . ئەگەرچی تا بە ئەمڕۆ، هەشتی مارس سنووری جوگرافی و چینایەتی لە گشت جیهاندا تێپەڕاندووە و بووەتە ڕۆژی هاوپشتی جیهانی ژنان لە خەبات دژی ستەمی ڕەگەزی و چینایەتی بەڵام پێویستە دووبارە هێزمان وەگەر بخەینەوە بۆ وەدەست خستنی تەواوی مافەکانمان .

ئەمرۆ دۆخی ژنان نموونەیەکی ئاشکرایە لە زووڵمێکی چەند بەرابەر و چەند لایەنە. ژنان نەک تەنها لەگەڵ هەڵاواردنێکی ڕەگەزیی جێگیر لە یاسا کۆنەپەرستەکانی سەردەم بەڵکوو لە پێکهاتەی نایەکسانی ئابووریدا، قورساییەکی زیاتر دەکەوێتە سەر شانیان.

# (دەقی وتاری سکرتێری گشتیی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان

درێژەی لاپەڕەی ٢

ئەوە بەشێکی گرینگی بەرهەمی خەباتی بێوچانی ئێوەیە کە بە درێژایی چەندین ساڵ سەنگەرەکانی ڕێبازی کۆمەڵەتان بە گیانبازی خۆتان ئاوەدان و گەشاوە هێشتەوە.

بەڕێزان ئەگەر تا ڕادەیەک لەو مێژووە و ڕووداوەکانی دوور بکەوینەوە هەموومان ئاگادارین و ڕۆژانە ڕووداوەکانی جیهان و بە تایبەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین. من لێرە نامەوێ لێکدانەوەی دوورودرێژ بۆ ئەوە بکەم کە هۆکارەکان چین و بۆچی ئەم ڕووداوانە هاتوونەتە ئاراوە، بەڵکوو ئەوەی من لێرەدا بە گرینگی دەبینم و ڕەنگە پرسیاری زۆرێک لە ئێمەومانان بێ ئەوەیە کە لە بارودۆخێکی ئاوادا کە کۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاریدایە ئێمە وەک کورد وە وەک حیزبەکانی کوردستان دەبێ چی بکەین و چۆن خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو؟

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی درەنگ یا زوو بە هەر جۆرێک بێ و هەر سیناریۆیەک بێتە ئاراوە، نیهایەتەن بە هێزی بزووتنەوەی جەماوەریی دەبڕوات، وە بە خۆشحاڵیەوە ناوەرۆکی ئەو ڕژیمە دڕندەیە لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ هەموو کەس دەرکەوتووە. ئەگەر چەندین ساڵ پێش کورد تاکە دەنگی وەستانەوە دژی ئەو ڕژیمە بوو، بەڵام ئێستا ئەگەرچی زۆر درەنگ ئەمە ڕوویدا، بەڵام حەقیقەتی هەڵوێستی شۆڕشی کوردستان لە دژی ئەو ڕژیمە بۆ هەموو لایەک دەرکەوت وە ئەمە شانازیەکی گەورەیە بۆ نەتەوەیەک کە بوێرانە و هەر لە یەکەم بەناو ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بڕیاری بایکۆت و وەستانەوەی دا.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئەمڕۆ لە ئاستی ناوخۆیی و لە بواری سیاسی مەشرووعیەتی خۆی بە تەواوی لەدەستداوە و لە ئاستی دەرەکیش وەک ڕژیمێکی تەریککەوتووی لاواز هیچ ئێعتبارێکی نێودەوڵەتی بۆ نەماوەتەوە تەنانەت دۆستەکانیشی ئامادە نین بۆ دەربازبوونی لەو قەیرانە یارمەتی بکەن.

بەڵام لە دۆخێکی ئاوادا ئایا تا ئێستا و بە پێی ئەو گۆڕانانەی هاتوونەتە پێشەوە، جەماوەری خەڵک و بە تایبەت چاودێرانی سیاسی لە ئامادەیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دۆخی ئێستا ڕازین؟ دڵنیام زۆرێک لە ئێوەو مانان وەڵامتان نایە وە ئەمە ئەڵبەتە لە خۆیدا نیشانەی ئەو بەرپرسیارەتیەیە کە لەسەر شانی حیزبەکانی کوردستان کەوتووە.

بەڕێزان یەک دوو دەیەی ڕابردوو وە ئەو ڕووداوانەی کە لە کوردستان هاتنە پێشەوە، لە مانگرتنە گشتیە چەند ملیۆنیەکانەوە بگرە تا خۆپیشاندانە بەربڵاوە جەماوەریەکان، پەیامێکی گەورە و ڕوون بۆ ئێمە وەک حیزبە کوردستانیەکانی پێ بوو، ئەویش پەیامی یەکگرتوویی بوو، وە ئەم یەکگرتووییە لە ڕاستیدا واتای یەکگرتوویی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان بوو کە لە چەندین نموونەی ئاوا گەورەدا ئەو پەیامە مێژووییەیان بۆ ئێمە بەڕێکرد.

ئێمە دەزانین کە هەر حیزبەو ڕۆئیا و ستراتژیی خۆی لە شۆڕشی کوردستان دەباتە پێشەوە وە ئەمە ئەڵبەتە لەگەڵ ناوەرۆکی دێمۆکراسی تەبایەو هیچ ناکۆکیەکی نیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی ڕەخنەیە چەند پرسێکە کە پێویستە ئاماژەیەکی کورتی پێ بکەین.



لێرەدا پێمخۆشە پوختەو ناوەرۆکی ڕوانینی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانتان عەرز بکەم کە لە بابەت ئەو پرسە گرینگە چۆن دەڕوانین.

ئێمە لە سەرەتا ئەوە دەزانین کە ڕێژەی حیزبەکان لە کوردستان لە بەراورد لەگەڵ چل ساڵ لەوەپێش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ڕێژەیەکی زیاتری حیزبەکان پێکهاتوون و هاتونەتە مەیدانی خەباتی سیاسی لە کوردستان، کە نەک نابێ لێی نیگەران بین بەڵکوو دەبێ وەک پێوانەیەک بۆ کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک و فرەچەشن چاوی لێبکەین وە بوونی حیزبە جۆراوجۆرەکان نیگەرانمان نەکات، بەڵکوو بوونی حیزب لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ڕێگەی داسەپاندن و دیکتاتۆریی کوێر دەکاتەوە، کەواتە ئەمە بە هەل بزانین نەک بە مەترسی.

بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەی جێگەی مەترسی و نیگەرانیە، هەوڵی تاک لایەنەیە بۆ: خۆ بە نوێنەری هەموو کوردزانین لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵدانی تاک حیزبی بۆ بەشداری لە ئاڵترناتیڤگەلی سەرتاسەریی لە ئێرانێک کە لانیکەم تا ئێستا وەک ئۆپۆزیسیۆن، زۆر ناتەبا و پرش و بڵاون. گرینگی ئەو باسە لێرەدا ئەوەیە کە بڵێم هیچ حیزبێک بە تەنیا ناتوانێ بەشداریی لە ئالترناتیڤی سەرتاسەریی بکات و سەرکەوێ بە بێ ئەوەی پێشتر لە کوردستان یەکگرتوویەک پێک نەهاتبێ.

ئازیزان ئێمە وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بەرانبەر بەشداریی لە ئاڵترناتیڤی ئێرانی و سەرتاسەریی، بانگەوازی ئاڵترناتیڤی کوردستانیی دەکەین. تەنیا کاتێک ئێمە دەتوانین لە گۆڕانکاریەکانی داهاتوو ڕۆڵمان هەبێ کە توانیبێتمان یەکگرتوویەکی پتەومان لە کوردستان پێک هێنابێ وە ئەگەریش ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ناوەند، پێویستیی دیالۆگ هاتە پێشەوە، با کورد یەک زمان و یەک سیاسەت و یەک نوێنەری هەبێت.

بەڵام وێڕای ئەوەی هەر حیزبەو لای خۆیەوە ئەم جۆرە لە بانگەواز دەکات، ئەزموونی کردەیی هەندێ لایەن پێمان دەڵێ، کە حیزب هەیە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە دەچێتە ناو کۆمەڵێک هاوپەیمانی و ڕێککەوتن بە ناوی کوردەوە، کە نەک هیچ بەرژەوەند و قازانجێکی تێدا نیە، بەڵکوو خەبات و خۆڕاگری گەلی کورد کە لە درێژایی چەندین دەیە بەرهەم هاتووە، لاواز و بێ بایەخ دەکات، بۆیە ئەو جۆرە هەوڵانەی کە جۆرج تاون و دەرکەوتنی مەنشووری مەهسا نموونەیەکی زیندووی ئەو کردەوانەن، نەک قازانج و بەرژەوەندی خەباتی مێژوویی گەلی کوردی تێدا نیە، بەڵکوو دابەزاندنی خواستە ڕەواکانی نەتەوەیەکی خەباتکاری مێژووییە بۆ ئاستی کەمایەتی و هەندێ وردە بەشداریی سیاسی لە ناوەند، وە ئێمە هیوادارین کە ئەو ڕووداوە دەرسێکی لێوەرگیرابێت و دووپات نەکرێتەوە.

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین و داوکارین کە لە قۆناغی یەکەمدا ئاڵترناتیڤێکی کوردستانیی پێک بێت و تێیدا، هەموو حیزبەکان وێڕای ئەوەی دونیابینی جیاوازمان هەیە، لەسەر چەند خاڵێکی گرینگ لە پێوەند لەگەڵ داهاتووی کوردستان بگەینە ڕێککەوتن. بەڵام ئەڵبەتە باسکردن لەم بابەتانە ئێوەی بەڕێز لە هەموو لایەنەکانی دەبیستن، بەڵام هاوکات پرسیار دەکەن ئەی بۆ پێک نایەت و هۆکار و بەربەستەکانیان چین.

من پێموایە چالاکانی سیاسی و چاودێران و ڕووناکبیرانی کوردستان بە گشتی لەمبارەوە ئەرکێکی گەورەتر لە هەمیشە دەکەوێتە سەر شانیان بۆ ئەوەی بەشداریەکی ئەکتیڤ و چالاکیان لەمبارەوە هەبێت. بەشداری و چاودێریی ئەوان بە دڵنیاییەوە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە ئاسانتر دەکات، بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەشداریی چینی ڕووناکبیر و چاودێر لەسەر ئەم پرسە بە گرینگ دەزانین، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا پەنجەی ڕەخنە بۆ ئەو لایەنە ڕابکێشێ کە مەیلی بەو ڕێککەوتنە نیە و دەیەوێ تاک لایەنە خاوەن بڕیار بێت، یان ئەوەیکە مەودای نێو وتە و کرداری وەک ئێرە و ئاسمان لێک دووربن.

بەڕێزان ئەگەر وێنەیەکی گەورەتری ئەم ڕووداوانەی ئێستا بێنینە بەرچاوی خۆمان، دڵنیام لە بیرو زەینی زۆرێک لە ئێمەومانان کە ئەڵبەتە دوور لە ڕاستیش نیە، ئەوەیە کە کورد ئێستاشی لەگەڵ بێ، دۆست و پشتیوانی نیە، ڕەنگە گۆڕانەکانی داهاتوو بە جێگەی ئەوەی دەرفەتمان بۆ بخولقێنێ مەترسیشمان لەسەر درووست بکەن. ئەمە یەکێک لەو ئەگەرانەیە کە بیرو زەینی تاکی کوردی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە کە ئایا ئەگەر هاتوو بۆ وێنە ڕژیمی ئێران ڕووخا، ئایا بۆ کورد دەرفەت دەڕەخسێ یا مەترسی. وەڵام بەم پرسیارە ئەڵبەتە دوو بەشە کە بەشێکی لە ئیرادەی ئێمە بەدەرە، واتە زلهێزەکان بە پێی بەرژەوەندی خۆیان دەتوانن جۆرێک ئاراستەی گۆڕانکاریەکان بکەن، کە کورد تێیدا ڕەنج بە خەسار بێ ، وە ئەوانیش هیچ خۆیان بە بەرپرس نابینن بەرانبەر ئەوەی بەسەرماندا دێ، بەڵام بەشێکی لە دەست ئیرادەی خۆمانە ئەویش بوونی یەکگرتوویی ناوخۆ و پلانێکی تۆکمەیە.

ئەگەر ئێمە خۆمان بۆ ئەو گۆڕانە ئامادە بکەین دڵنیام لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا کە بێتە پێشەوە، کوردستان و خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕووی ئارامی و گەشاوەیی دەبینن کە تێیدا هەموومان براوەین. ئەگەر بەو جۆرەی گەلی کورد و دڵسۆزانی ئەم بزووتنەوە داوا دەکەن بجووڵێنەوە هەم لە ئاڵوگۆڕەکاندا ڕۆڵی بەرجەستەمان دەبێ، هەمیش پرسی کورد دەبەینە قۆناغێکی سەرترەوە و دڵنیام ترووسکەی ڕووناکیی زیاتر بەرەوڕوومان دەکرێتەوە و پێمان وایە جیهانی دەرەوەش ئەو کاتە حیساب لەسەر شۆڕشەکەمان دەکەن کە لانیکەم وەک یەکەیەکی هاوبەش لەگەڵیان بچینە گفتوگۆ و دیالۆگ.

بەڕێزان هەموومان دەبینین کە لە ماوەی ڕابردوودا هەندێ میدیای ئێرانیی بە شێوەیەکی تەواو سیستماتیک لە هەوڵی داسەپاندنی کوڕی کۆنە دیکتاتۆری ڕووخاوی پێشووی پەهلەوین، کە وەک ئاڵترناتیڤ بەسەر ئەم شۆڕشەدا دایسەپێنن. ئێمە دەزانین کە میدیا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە درووستکردنی کاراکتێرەکاندا هەیە، کە نادرووست نیە بڵێین خودی خومەینی بە جۆرێک بەرهەمی گەورەکردنەوەیەکی میدیایی بوو کە دواتر هەموومان دیتمان چ کارەساتێکی لێ دەرهات. لەهەرحاڵ ئێمە لێرە بە ئاشکرا وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان نەک بەرەی پەهلەوی بە ئالترناتیڤ نازانین، بەڵکوو بە دوژمنێکی مێژوویی خەڵکی کوردستان کە لە ژێر تیشکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی، هەم ئەزموونی کۆماری کوردستانیان دووچاری داڕمان کردوو سەرکردەکانیان بە شێوەیەکی دڕندانە لە سێدارەدان، هەمیش زۆرێک لە تێکۆشەرانی چەپ و ئازادیخواز و دێمۆکرات، لە زیندانەکانی ئەو ڕژیمە گولەباران و ئەشکەنجە یان بەرەوڕووی زیندانی درێژماوە کرانەوە، کەواتە هەوڵی هەر لایەنێک بۆ شۆردنەوەی تاوانی ڕژیمی پەهلەوی و قبووڵکردنی وەک سەرمایە و ئاڵترناتیڤی داهاتوو، بە زیانی شۆڕشی خەڵکی کوردستان و خەباتەکەی دەزانین.

پێویستە خەڵکی کوردستان هەر لە خۆی و سەڵماس تا ئیلام و کرماشان ئەو ڕاستیە بزانن کە بەرەی پەهلەوی نەک دۆست بەڵکوو دوژمنێکی مێژوویی گەلی کوردە و نابێ ڕێگە بە هیچ لایەنێک بدرێ کە بە ناوی کوردەوە نزیکایەتی لەگەڵ ئەو بەرەیە بکات، چونکوو لە ڕاستیدا ئەوان پێگەیەکیان لە ناوخۆ نییە و ئەزموونی پێشووشیان پڕە لە تاوانکاریی و جینایەت دژی ئازادیخوازان و سەرکوتی هەر دەنگێکی ناڕازی.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وەک ئەوەی بە تایبەتی لە کۆنگرەی ١٤ی خۆیدا پێداگریی لەسەر کردووە و بە سیاسەتێکی درووستی زانیوە، داوا دەکەین کە هەموو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان، لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس لە پێوەند بە پرسی کورد و لە ئاستی ناوخۆی ئێران بەرانبەر بە لایەنە ئێرانیەکان و لە ئاستی جیهانیش بەرانبەر بە دەوڵەتان، ڕێکبکەون بۆ ئەوەی بە پشت بەستن بەم پرسە کە یاساییەکی نێودەوڵەتیە، بتوانین هەم لە ئاستی نێو خۆی کوردستاندا بگەینە جۆرێک ڕێککەوتن،

هەمیش لە ئاستی دەرەوە وەک داواکاریەکی ڕەوای گەلێکی مێژوویی و خەباتکار، خۆمان دەربخەین.

بەمجۆرە ئێمە پێمانوایە کە دەتوانین لە داهاتوودا ڕۆڵی مێژوویی و ئەرێنی خۆمان لە گۆڕانکاریەکانی داهاتوو بگێڕین.

# یەکگرتن، پێویستییەکی مێژوویی!

ئاڵای سوور - بۆکان

ئاستی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاردانەوە جیهانییەکان بەدوای شکستی ستراتیژی و بە بنبەست گەیشتنی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەرفەتێکی بێوێنەی لەبەردەم زلهێزەکانی جیهان و ڕکابەرە ناوچەییەکاندا دانا تا هەنگاوی ڕەساتر بۆ گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبگرن. گوشار و سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ناوچەیی کۆماری ئیسلامی، سنووردارکردنی بەرنامە مووشەکییەکەی و دامەزراندنی میکانیزمێکی چاودێریی هەمیشەیی، وێڕای سنووردارکردنی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و کەمبوونەوەی بڕشت و کاریگەریی، کۆماری ئیسلامیی بەتەواوەتی وڕوکاس و بێ هەناسە کردووە. چەقبەستوویی دانوستانە ئەتۆمییەکان و نەسازانی ئێران و سووربوونی لەسەر پێشێلکارییەکان و بەردەوامبوونی لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم و ئەگەری ڕوودانی شەڕی دووەم، بەکردەوە کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ کێشەی جیدی ڕووبەڕوو کردووەتەوە. ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لە پەیوەند لەگەڵ پرسی کورددا جێگای وردبوونەوەی زیاترن. کوردستان لەناو چەقی گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیەدا دەتوانێت لە قۆناغی ئێستادا بەرەو چارەنووسێکی دیکە هەنگاو بنێت، لەبەر ئەوەی دوژمنەکەی لەگەڵ سواویی دەسەڵات و کۆتایی تەمەن و قووڵترین قەیرانەکان و ڕابەرێکی داماو و سوپای پاسدارانێکی لەبەریەک هەڵوەشاو و لایەنگرانێکی سەرلێشێواو ڕووبەڕوویە. ناکۆکییەکانی ناو لووتکەی دەسەڵات ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر دەبنەوە. لاوازبوون لە دەسەڵات و نائومێدبوون بە چارەسەرکردن، کۆماری ئیسلامیی بەکردەوە بەرەو لێواری بەربوونەوە پاڵ پێوە ناوە.

ئەمڕۆ کوردستان وەک هەمیشە مەکۆی شۆڕش و سەنگەری خەبات و تێکۆشانە و ترپەی دڵی هەموو شۆڕش و بەرخۆدان و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکانە. لەم مەڵبەندەدا بەستێنی شۆڕش و هەستانەوە و خرۆشی جەماوەری بەهێزە و لە لووتکەدایە؛ ئاگری قین و تووڕەیی جەماوەر بە دژی دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی نەک نەوەستاوە، بەڵکوو بەردەوام لە هەڵکشاندایە.

کوردستان بەکردەوە وێڕای ئەوەی پێگەی خۆی لە هەموو مەیدانەکاندا پاراستووە، بووەتە جەمسەرێکی گرنگیش بۆ خەبات و تێکۆشان و هەروەها ڕەمزی شۆڕش بە پانتایی هەموو ئێران. چڕکردنەوەی سەرکوتی کوردستان و میلیتاریزەکردنی خەڵکەکەی نەک کەم نەبووەتەوە، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیادبووندایە.

کوردستان بەدوای شۆڕشی ژینادا، پێی نایە قۆناغێکی تایبەت و شۆڕشگێڕانەوە؛ قۆناغێک کە بەکردەوە هاوسەنگیی هێزی گۆڕی. لەو قۆناغەدا، ناڕەزایەتی و شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی شەقام بەکردەوە شکڵ و شێوازێکی ئەمڕۆیی و پێشکەوتنخوازانەی بەخۆیەوە گرتووە. ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕواڵەتی سیاسی و ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕیوە و هەنگاو بە هەنگاو بردوویەتییە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە.

مێژووی هەموو خەبات و تێکۆشان و لێکتێگەیشتنەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کوردستان مەیل و خواست و هێز و پۆتانسێلی ئەوەی تێدایە ببێتە خاوەنی ناوەندێکی بەهێز و یەکگرتوو. ئەمڕۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە پاڵپشتیی جەماوەر دەتوانن بەردی بناغەی وەها ناوەندێک، کە بتوانێت هاوسەنگیی هێز بەقازانجی بەرەی شۆڕش لە کوردستاندا بگۆڕێت، دابنێن. ئێمە بەردەوام ئاڵاهەڵگری یەکگرتوویی بووین و هەین و لەم پەیوەندییەشدا هەوڵی چڕوپڕی دڵسۆزانەمان داوە. ئێمە بۆ خولقاندنی دۆخێک تێکۆشاوین و بەردەوام تێدەکۆشین کە تێیدا حیزبە کوردستانییەکان لێک نزیک ببنەوە و بە تێگەیشتنێکی ئەمڕۆیی هەوڵ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی پتەو بدەن. ئەزموونەکانی شۆڕشی کوردستان نیشانی داوە کە یەکێتی و یەکڕیزی دەتوانێت زامنی سەرکەوتن بێت و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک، بەهێزتر بکات. هەنووکە کوردستان زیاتر لە هەمیشە پێویستی بە یەکێتیی ڕیزەکانی کورد بەگشتی و هاوکاری و هاودەنگیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان هەیە. شۆڕش و بەرخۆدانەکانی تا ئێستا، ڕەوتی لاوازبوونی حکوومەتی ئیسلامیی خێراتر کردووەتەوە و بۆ جارێکی دیکە دۆسیەی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی بەڕووی کۆمەڵگەی کوردستاندا کردووەتەوە.

لە ئاستی ئەم ڕەوتەدا و بۆ وەڵامدانەوە بە پرسە سەرەکییەکانی پرۆسەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و ئەگەرەکانی بەردەم، دەخوازێت چالاکتر لە جاران هاوکاری یەک بین بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی ئەمڕۆی کوردستان.



لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئێمە بۆ ساتێکیش نەوەستاوین و بەردەوام بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە تێکۆشاوین. لە داهاتووشدا ماندوو نابین و هەوڵ بۆ یەکگرتوویی نێو ماڵی کورد لە کوردستاندا دەدەین. ئێستا کە هاوپەیمانی لەنێوان بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەکردەوە چووەتە قۆناغی کردەییەوە، دەتوانێت زۆر دڵخۆشکەر بێت و ئومێدی زیاتر لەناو شەقامی کورددیا زیندوو بکاتەوە بۆ دەستەبەرکردنی هەموو ئاواتە لەمێژینەکانی خەڵکی کورد.

بژی هاوخەباتی خەڵکی شۆڕشگێڕ بۆ ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی.

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی
Dwaroj@komala.com

DwaRoj

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

# ئابووریی سیاسیی ئێران؛ بنبەستی ژێنێڤ و ستراتیژیی نوێی جەماوەر



## دواڕۆژ

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لە نێوان دوو بەرداشی کوشندەدا دەناڵێنێت؛ لە لایەکەوە گەمارۆ ئابوورییە کەمپەرستەکانی واشنتۆن کە ڕاستەوخۆ جومگە سەرەکییەکانی داهاتی ڕژێمی کردووەتە ئامانج، لە لایەکی دیکەشەوە ترس لە تەقینەوەی ئەو تووڕەییەی کە لە ناخی جەماوەری وەزاڵەهاتوودا پەنگی خواردووەتەوە. دانوستانەکانی ژێنێڤ، کە تاران وەک دوایین وێستگەی هەناسەدان دەستی پێکردوون، مانی گۆڕانکاری لە سیاسەتی ستراتیژیی ڕژێم ناگەیەنن. مێژووی چوار دەیەی ڕابردوو فێری کردووین کە دەسەڵاتی تاران تەنها لە کاتی هەستکردن بە مەترسیی ڕووخان، ڕوو دەکاتە مێزی گفتوگۆ. ئەمجارەش تاران دەیەوێت بە زمانی «دیپلۆماسیی کات کوشتن» و پێشکەشکردنی هەندێک ئیمتیازی کاتی لە دۆسیەی ناوکیدا، ڕێگری لە داڕمانی یەکجاریی سیستەمی دارایی خۆی بکات.

ئەوەی لە ژێنێڤ ڕوو دەدات، یارییەکی سیاسییە بۆ ڕاکێشانی کات تا تێپەڕبوونی قۆناغی گوشارە توندەکانی ترامپ. ڕژێم پێی وایە بە ڕاگرتنی سێ ساڵەی پیتاندنی یۆرانیۆم، دەتوانێت جیهان چەواشە بکات، بەڵام بنبەستەکە قووڵترە لەوەی بەم تاکتیکانە چارەسەر بێت. تمەن بووەتە کاغەزێکی بێبایەخ و بازاڕەکانی ئێران لە لێواری پەککەوتنی تەواوەتیدان. ئەم داڕمانە

> **کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لە نێوان دوو بەرداشی کوشندەدا دەناڵێنێت؛ لە لایەکەوە گەمارۆ ئابوورییە کەمپەرستەکانی واشنتۆن کە ڕاستەوخۆ جومگە سەرەکییەکانی داهاتی ڕژێمی کردووەتە ئامانج، لە لایەکی دیکەشەوە ترس لە تەقینەوەی ئەو تووڕەییەی کە لە ناخی جەماوەری وەزاڵەهاتوودا پەنگی خواردووەتەوە. دانوستانەکانی ژێنێڤ، کە تاران وەک دوایین وێستگەی هەناسەدان دەستی پێکردوون،**

ئابوورییە تەنها ژمارەی سەر کاغەز نییە، بەڵکوو برسییەتی و بێکارییەکە کە ڕاستەوخۆ دەبێتە سووتەمەنی بۆ ڕاپەڕینێکی نوێ. بۆ بزووتنەوەی چەپ و شۆڕشگێڕ لە کوردستان، ئەم دۆخە دەرفەتێکی مێژووییە؛ چونکە ڕژێمێک کە نەتوانێت نانی خەڵک دابین بکات، شەرعییەتی سیاسیی خۆی لەدەست دەدات.

لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسییەوە، پاشەکشەی ڕژێم لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بە مانی چاکبوونی دۆخی گوزەرانی خەڵک نایەت. ئەزموونی «بەرجام» نیشانی دا کە هەر جۆرە هەناسەدانێکی ئابووری، پێش ئەوەی بگاتە سەر خوانی زەحمەتکێشان، دەچێتە گیرفانی مافیاکانی سوپا و پەرەپێدانی ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکەدا. ئێستا کە تمەن بەرەو داڕمانی مێژوویی دەچێت، چینی کرێکار و مووچەخۆران لە کوردستان لەژێر گوشارێکی بێوێنەدان. ئەمە تەنها قەیرانی دراو نییە، بەڵکوو قەیرانی بنەڕەتیی سیستەمێکە کە ناتوانێت لەگەڵ جیهانی مۆدێرن و داخوازییەکانی کۆمەڵگە هەڵبکات.

ئەرکی ئێمە لەم قۆناغەدا، هۆشیارکردنەوەی جەماوەرە بەرامبەر بەو ڕاستییەی کە ڕزگاری لە مێزی ژێنێڤەوە نایەت. هیچ ڕێککەوتنێکی نێوان واشنتۆن و تاران نابێتە هۆی باشتربوونی ژیانی زەحمەتکێشانی کوردستان، مەگەر ئەوەی کە کورد وەک هێزێکی ڕێکخراو و بە پرۆژەیەکی ڕادیکاڵەوە لە ناو هاوکێشەکاندا ئامادە بێت. پێویستە ئامادەکاری بۆ قۆناغی دوای داڕمانی ئابووری بکرێت؛ ئەو کاتەی کە شەقام دەبێتە تاقە شوێنی بڕیاردان. کۆمەڵە وەک هێزێکی پێشڕەو، دەبێت ئەم تووڕەییە ئابوورییە بەرەو ئاراستەیەکی سیاسیی یەکگرتوو بەرێت، تا ڕێگری بکرێت لەوەی کە جارێکی دیکە پاشکۆکانی سیستەم یان هێزە کۆنەپەرستەکان بەرهەمی شۆڕشی گەلان بدوورنەوە. ئێمە دەبێت پێشەنگی ئەو بەرەیە بین کە نان و ئازادی بە چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دەداتەوە.

## دواستون

# زمانی من ناسنامەی منە

## محەمەد حەکیمی

**مان و نەمانی من گرنگ نییە، ئێوە بمێنن و زمانی کوردی بمێنێت. من دەبێ ڕۆژێک هەر بمرم، بەڵام نە کورد دەمرێ و نە زمانەکەی.**
**هێمن**

زمانی کوردی داوە، هەر بۆیە دەبێ هەموومان خاوەنی زمانی کوردی بین. ئەوەی ئێستا لەسەر دووکانی ناو شارە کوردییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دەبینین، بە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکییە؛ بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین ئەمە چارەسەر بکرێت. یەکێک لە ئەرکەکانی بەرگریکارانی زمانی دایک، گۆڕینی ڕواڵەتی ناو شەقام، گەڕەک و کۆڵانەکانی ناو شارەکانە؛ دەبێ ناوی دووکان و گەڕەکەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە کوردی بنووسرێن و داوا لە خاوەن دووکانەکان بکرێت کە ناوی دووکانەکانیان تەنها و تەنها بە کوردی بنووسن.

هەموو نەتەوەیەک بە زمانەکەی دەناسرێت، بەبێ بوونی زمان نەتەوە مانای نییە؛ نەتەوە و زمان گرێدراوی یەکن و هیچ شتێک بەبێ بوونی زمانێکی پاراو و خاوێن سەرکەوتوو نابێت. دەبێ منداڵەکانمان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە فێری زمانی کوردی بکەین و پەرە بە ئەدەبیات و کولتووری کوردی بدەین. نەتەوەیەک وەک کورد کە سەدان ساڵە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە و خاکەکەی داگیرکراوە، هەمیشە هەوڵدراوە ناسنامە و زمانی بسڕدرێتەوە؛ بۆیە دەبێ هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوە بێت و لە هەر دەرفەتێکدا بۆ پەرەپێدانی زمان و کولتوورەکەی تێبکۆشێت.

ساڵ لە دوای ساڵ دێت و دەڕوات؛ ئەمساڵیش لە کاتێکدا ڕێز لە زمانی زگماکی دەگرین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ڕژێمەوە هێرش کراوەتە سەر خەڵکە وەزاڵەهاتووەکەی و لە شارەکانی مەلەکشاهی، کرماشان و ئیلام سەدان گەنجی کورد شەهید کراون و بە هەزاران کەس گیراون و لە سیاچاڵەکانی ڕژێمدان. ئێمە لە وەها دۆخێکدا ڕێز لە زمانی دایک دەگرین و هەر بەو هۆیەوە دەیان چالاکیی جۆراوجۆر لە شارەکانی ئیلام، کرماشان، سەقز، سنە، کامیاران، بۆکان و شوێنەکانی دیکە بەڕێوەچوون.

ئێستا کە دەیان چالاکی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی زمانی دایک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەدەچێت، سیاسەتی ڕژێم لە کوردستان هەر وەک پێشوو سیاسەتی ئینکارکردن و سەرکوتی هەموو زمانە جیاوازەکانە، بەتایبەتی کوردی. ڕژێم بەردەوام هەڕەشە دەکات و تەگەرە دەخاتە بەردەم دڵسۆزانی نەتەوە و ئەو کەسانەی کار بۆ پاراستنی زمانی زگماکی دەکەن. هەڕەشە، زیندان و ئەشکەنجە لە ئێراندا ئەمساڵ چەند قات زیادی کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە مامۆستایانی زمانی دایک بەوپەڕی پەرۆشەوە و لەژێر هەموو گوشار و ئازارەکاندا، درێژە بە کارەکانیان دەدەن و هەوڵ دەدەن زمانەکەمان لە مەترسییەکان بپارێزن.

بە درێژایی مێژوو داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیانداوە زمانی کوردی و نەتەوەی کورد لەناو گەلانی ئێراندا بتوێننەوە و بۆ ئەو مەبەستەش دەستیان لە هیچ کارێک نەپاراستووە. لە بەرامبەردا، ئەوە مامۆستایانی بێناونیشانن کە چەندین ساڵە بوونەتە پێشەنگی بەرەنگاربوونەوە و هەموو سیاسەتەکانی ڕژێمیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پووچەڵ کردووەتەوە. ئەوان فەرهەنگی باڵادەستیان بە تەحەدی کێشاوە و نەک هەر ڕژێم لە مەبەستەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو بیری شۆڕش و پاراستنی زمانی زگماکی لە کوردستاندا سەدان قات زیادی کردووە، هەر بەم هۆیەوە مامۆستایانی زمانی کوردی باجێکی زۆریان داوە و ڕۆژانە تووشی گرتن و ئەشکەنجە بوونەتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە سەرەڕای زەوتکردنی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایک و بە فەرمی نەناسینی زمان لەلایەن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران و بەردەوامیی سیاسەتی سەرکوت، زمانی کوردی لەوپەڕی گەشەسەندندایە. هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی بێوچانی مامۆستا و نووسەرانی ئازیزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ لەم نێوەندەشدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ پاراستنی زمانی زگماکی داوە و لە ڕێگەی نووسین و خوێندن بە زمانی دایک، شکستیان بەو سیاسەتانەی ڕژێم هێناوە.